# العلاقات التجارية بين الإمبراطورية الروسية وخانات آسيا الوسطى في الربع الثالث من القرن التاسع عشر

م.م..كەيوان صديق محمد
جامعة السليمانية - كلية العلوم الإنسانية - قسم التاريخ
kaiwan.mohammed@univsul.edu.iq
07701914929

**الكلمات المفتاحية:** الإمبراطورية الروسية، آسيا الوسطى، العلاقات التجارية، خانية بخارى، خيوا، خوقند، أزمة القطن.

**كيفية اقتباس البحث . محمد**
كەيوان صديق , العلاقات التجارية بين الإمبراطورية الروسية وخانات آسيا الوسطى في الربع الثالث من القرن التاسع عشر ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Trade Relations Between the Russian Empire and the Central Asian Khanates in the Third Quarter of the Nineteenth Century

**Kaywan Siddiq Muhammad**
**Sulaymaniyah University - College of Human Sciences - Department of History**
**kaiwan.mohammed@univsul.edu.iq**

**Keywords** : Russian Empire, Central Asia, Trade Relations, Khanate of Bukhara, Khiva, Kokand, Cotton Crisis.

**How To Cite This Article**
Muhammad , Kaywan Siddiq ,Trade Relations Between the Russian Empire and the Central Asian Khanates in the Third Quarter of the Nineteenth Century ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

ملخص:
تسلط هذه الدراسة الضوء على طبيعة وتطور العلاقات التجارية بين الإمبراطورية الروسية وخانات آسيا الوسطى (بخارى، خوقند، وخيوا) في الفترة ما بين ١٨٥٠ و١٨٧٥. يكمن الهدف الرئيس للبحث في تحليل دور العوامل الاقتصادية والتجارية في صياغة السياسة الخارجية الروسية، وتفسير تحولها من النهج الدبلوماسي إلى التدخل العسكري المباشر. وتوصلت الدراسة إلى أن أزمة القطن العالمية في ستينيات القرن التاسع عشر (بسبب الحرب الأهلية الأمريكية) دفعت روسيا لاعتبار آسيا الوسطى بديلاً استراتيجياً لتأمين المواد الخام. كما أن فرض الخانات لضرائب جمركية باهظة على التجار الروس وانعدام أمن القوافل التجارية، دفع بروسيا للمطالبة بمعاهدات تجارية جديدة. وقد وفّر فشل هذه المساعي الدبلوماسية ذريعة لروسيا لشن حملات عسكرية أدت إلى احتلال طشقند عام ١٨٦٥، وفرض معاهدات التبعية على بخارى عام ١٨٦٨ وخيوا عام ١٨٧٣. تخلص الدراسة إلى أن المصالح التجارية والاقتصادية، جنباً إلى جنب مع التنافس الجيوسياسي مع بريطانيا، كانت المحرك الأساس لعملية التوسع الروسي في هذه المرحلة. تسعى هذه الورقة، من خلال المنهج الوصفي التحليلي، إلى تحليل ديناميكيات تطور التجارة بين روسيا وآسيا الوسطى، إلى جانب استكشاف الدوافع والأسباب الكامنة وراء الاحتلال الروسي للمنطقة. كما جرت الاستعانة بالمنهج المقارن للموازنة بين حجم التبادل التجاري بين روسيا وآسيا الوسطى خلال الفترات التي تغطيها الدراسة، فضلاً عن إجراء مقارنة

بين طبيعة العلاقات التجارية في كل من نموذج (بريطانيا والهند) ونموذج (روسيا وخانات آسيا الوسطى).
تغطي هذه الدراسة الحقبة الممتدة ما بين عامي ١٨٥٠ و١٨٧٥، وهي فترة مثلت نقطة تحول في السياسة والتجارة الروسية. أما النطاق الجغرافي للدراسة فيشمل روسيا وخانات بخارى وقوقند وخيوا في آسيا الوسطى.

Abstract:

This study examines the nature and evolution of trade relations between the Russian Empire and the Central Asian Khanates (Bukhara, Kokand, and Khiva) from 1850 to 1875. The primary objective is to analyze the influence of economic and commercial factors in shaping Russian foreign policy and its transition from diplomacy to direct military intervention. The research reveals that the global cotton crisis of the 1860s (triggered by the American Civil War) compelled Russia to view Central Asia as a strategic alternative for raw materials. Concurrently, the imposition of exorbitant customs duties by the Khanates on Russian merchants, coupled with the insecurity of trade caravans, prompted Russia to seek new commercial treaties. The failure of these diplomatic efforts provided a pretext for military campaigns, resulting in the conquest of Tashkent in 1865 and the imposition of vassalage treaties on Bukhara in 1868 and Khiva in 1873. The study concludes that trade and economics, alongside geopolitical competition with Great Britain, were the primary drivers of Russian expansionism during this period. Through the descriptive- analytical method, the paper seeks to analyze the dynamics of the development of trade between Russia and the motives and reasons behind Russian occupation in the region. Through the comparative method, an attempt was made to compare the volume of trade between Russia and Central Asia during the periods of the study, as well as compare the trade between Britain and India with Russia and Central Asian pensioners.

This study covers the period between 1850 and 1875, the turning point in Russian politics and commerce. The geographical limits of the study are Russia and the Khanates of Bukhara, Kokand and Khiva in Central Asia.

**پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا لەگەڵ خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست- چارەکی سێیەمی سەدەی نۆزدە**

**م.ی.کەیوان صدیق محمد**
**زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو**
**kaiwan.mohammed@univsul.edu.iq**
**07701914929**

**پوختەی توێژینەوە:**
ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر سروشت وگەشەسەندنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا لەگەڵ خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست (بوخارا، کۆکەند و خیوە) لە نێوان

سالانی ١٨٥٠ بۆ ١٨٧٥. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە شرۆڤەکردنی ڕۆڵی فاکتەرە ئابووری و بازرگانییەکانە لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا و وەرچەرخانیەتی لە دیپلۆماسییەتەوە بۆ دەستێوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ. توێژینەوەکە دەریخستووە، کە قەیرانی جیهانیی لۆکە لە سالانی ١٨٦٠کاندا (بەهۆی جەنگی ناوخۆی ئەمریکاوە)، ڕووسیای ناچار کرد ئاسیای ناوەڕاست وەک جێگرەوەیەکی ستراتیجی بۆ کەرەستەی خاو سەیر بکات. هاوکات، سەپاندنی باجی گومرگیی زۆر لە لایەن خاننشینەکانەوە بەسەر بازرگانە ڕووسەکاندا و نەبوونی ئاسایشی-کاروانە بازرگانییەکان، وای لە ڕووسیا کرد هەوڵی سەپاندنی پەیماننامەی بازرگانیی نوێ بدات بە سەریاندا. شکستی ئەم هەوڵە دیپلۆماسییانە، پاساوی دا بە ڕووسیا بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی سەربازیی، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی داگیرکردنی تاشکەند یەکێک لە شارە گەورەکانی خاننشینی کۆکەند ١٨٦٥ و سەپاندنی پەیماننامەی پاشکۆیەتی بەسەر بوخارا ١٨٦٨ و خیوە ١٨٧٣. توێژینەوەکە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە بازرگانی و ئابووری، بە پلەی یەکەم و هاوشان بە کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی لەگەڵ بریتانیا بزوێنەری سەرەکیی پرۆسەی داگیرکاریی ڕووسیا بوون لەم قۆناغەدا.

**وشە کلیلییەکان:**

ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا، ئاسیای ناوەڕاست، پەیوەندییە بازرگانییەکان، خاننشینی بوخارا، خیوە، کۆکەند، قەیرانی لۆکە.

**پێشەکی:**

پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست(بوخارا، کۆکەند[1] و خیوە[2])، ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی قوڵیان هەیە. هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، ئەم پەیوەندییانە بە زۆری لە ڕێگەی نێوەندگیرەکان بەڕێوەدەچوون و قەبارەیەکی سنوورداریان هەبوو. ڕووسیا زیاتر وەکوو ناوچەیەکی (ترانزێت) بۆ گەیشتن بە بازاڕەکانی هیندستان، سەیری ئاسیای ناوەڕاستی دەکرد، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە، گەشەسەندنی خێرای سەرمایەداری و پیشەسازی لە ڕووسیا، ئاراستەی ستراتیژیی ئەو وڵاتەی بە تەواوی گۆڕی و ئاسیای ناوەڕاست بوو بە ئامانجێکی سەربەخۆی ئابووری و جیۆپۆلەتیکی.

جێگەی باسە، چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی پاڵنەر بوون بۆ ئەم وەرچەرخانە لە سیاسەتی ڕووسیادا. لە ڕووی دەرەکییەوە، شکستی ڕووسیا لە جەنگی کریمیا (١٨٥٣-١٨٥٦) وایکرد ئیمپراتۆریەتەکە بۆ قەرەبووکردنەوەی ناوبانگە نێودەوڵەتییەکەی و پاراستنی پێگەی خۆی لە بەرانبەر فراوانخوازییەکانی ئیمپراتۆریەتی بریتانیا (کە لە هیندستانەوە نزیک دەبووەوە)، ڕوو لە ئاسیای ناوەڕاست بکات و کێبڕکێیەک دەست پێبکات کە لە مێژوودا بە (Great game) ناسراوە. لە ڕووی ناوخۆیی و ئابووریشەوە، سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا 1861-1865 بووە هۆی وەستانی هاوردەی لۆکەی ئەمریکی بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا و ڕووسیا. پیشەسازیی ڕستن و چنینی ڕووسیا کە زیاتر لە 90% پشتی بە لۆکەی هاوردەکراو دەبەست، ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورە بووەوە، ئەمەش وایکرد ڕووسیا بەپەلە ڕوو بکاتە بازاڕەکانی بوخارا و کۆکەند وەکوو سەرچاوەیەکی جێگرەوە و دەوڵەمەند بۆ دابینکردنی کەرەستەی خاو، پشتیان پێ ببەستێت. لە هەمان کاتدا، بەهۆی ئەوەی کاڵا پیشەسازییەکانی ڕووسیا توانای کێبڕکێیان لە بازاڕەکانی ئەوروپادا نەبوو، ئاسیای ناوەڕاست وەک باشترین بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵا ڕووسییەکان تەماشا دەکرا.

**گرنگیی توێژینەوە:**

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بە بەراورد، لایەنێکی کەمتر لێکۆڵراوەی مێژووی ئاسیای ناوەڕاست دەخاتەڕوو. توێژینەوەکە هەوڵدەدات بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئامانجە بازرگانییەکان (وەک دەستگەیشتن بە کەرەستەی خاو بە تایبەت لۆکە، کردنەوەی بازاڕی نوێ، و پاراستنی بازرگانە ڕووسەکان) لە پاڵنەرە ڕاستەقینە و پراکتیکییەکان بوون بۆ جووڵە سەربازییەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا.

**پرسیاری توێژینەوە:**

زۆرجار لە توێژینەوە مێژووییەکاندا هۆکاری داگیرکارییەکانی ڕووسیا لە ئاسیای ناوەڕاست تەنیا دەبەستریتەوە بە کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی و سەربازیی لەگەڵ بریتانیا، بەڵام کێشەی ئەم توێژینەوەیە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە، کە فاکتەرە ئابوورییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکان تا چەند بزوێنەری سەرەکی بوون بۆ گۆڕینی ستراتیژی ڕووسیا لە "دیپلۆماسییەتی بازرگانی"یەوە بۆ "داگیرکاریی سەربازیی ڕاستەوخۆ" لە نێوان ساڵانی 1850 بۆ 1875؟ هەروەها، چۆن نەگونجانی سیستەمی باج و نەبوونی ئاسایشی- بازرگانەکان پاساویان دا بە ڕووسیا بۆ گرتنی تاشکەند و سەپاندنی پەیماننامەی پاشکۆیەتی بەسەر بوخارا و خیوەدا؟

**ئامانجی توێژینەوە:**

ناساندنی سروشتی بازرگانی نێوان ڕووسیا و خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست تیشک خستنە سەر جۆری ئەو کاڵایانەی لە نێوان ڕووسیا و خاننشینەکان ئاڵوگۆڕ دەکران و گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی هەناردە و هاوردە. شیکردنەوەی پاڵنەرە ئابوورییەکان و دەستنیشانکردنی کاریگەریی قەیرانە جیهانییەکان (وەک جەنگی ناوخۆی ئەمریکا و قەیرانی لۆکە) لەسەر گۆڕینی ستراتیژیی ڕووسیا بەرەو ئاسیای ناوەڕاست.ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن کێشە بازرگانییەکان (باج، ئاسایشی- ڕێگاکان) بوونە پاساو بۆ دەستێوەردانی سەربازیی و داگیرکاریی ڕاستەوخۆ.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لە ڕێگەی میتۆدی وەسفی- شیکارییەوە، توێژینەوەکە هەوڵدەدات دینامیکی گەشەسەندنی بازرگانی نێوان ڕووسیا و پاڵنەر و هۆکارەکانی پشت داگیرکاری ڕووسیا لە ناوچەکە شیبکاتەوە. هەروەها لە ڕێگەی میتۆدی بەراوردکارییەوە، هەوڵدراوە بەراورد لە قەبارەی بارزگانی ڕووسیا و ئاسیای ناوەڕاست لەو قۆناغانەی توێژینەوەکە، وەربگرتووە و هاوکات بەراوردی بازرگانی بریتانیا و هیندستان لەگەڵ ڕووسیا و خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست بکرێت.

**سنوورەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٥٠ بۆ ١٨٧٥دەگرێتەوە، کە قۆناغی وەرچەرخانی سیاسەت و بازرگانی ڕووسیایە. سنووری جوگرافی لێکۆڵینەوەکەش، ڕووسیا و خاننشینەکانی بوخارا، کۆکەند و خیوەیە لە ئاسیای ناوەڕاست.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

ئەم توێژینەوەیە پشتئەستوورە بە کۆمەڵێک سەرچاوەی دەوڵەمەند و هەمەجۆری ڕووسی کە دەکرێت لە چەند ئاستێکی جیاوازدا شیکردنەوەیان بۆ بکرێت؛ لە ئاستی یاداشتنامە و ڕاپۆرتە دیپلۆماسی و سەربازییەکاندا، ئەم سەرچاوانە وێنەیەکی زیندوو و ڕاستەقینەمان لەسەر دۆخی خاننشینەکان و وردەکاریی نێردە دیپلۆماسیی و بازرگانییەکان پێ دەدەن، لەوانە کارەکەی ن. پ. ئیگناتییێڤ (Миссия в Хиву и Бухару в 1858 году флигель-адъютанта полковника کە وەک دیپلۆمات و ئەفسەرێک باسی وردەکاریی بازاڕەکان دەکات، هەروەها ن. ی. گرۆدێکۆڤ (Хивинский поход 1873 года. Действия кавказских отрядов) و م. تێرێنتییێڤ (Хивинские походы русской армии) کە زانیاریی وردیان لەسەر چالاکییە سەربازییەکانی ڕووسیا و کاریگەرییان لەسەر داڕشتنی نەخشەی ناوچەکە تۆمار کردووە، لەگەڵ ی. ن. زاخارین (Хива. "Зимний поход в Хиву Перовскаго" в 1839 году...) بۆ مێژووی نێردە سەرەتاییەکان. بۆ تێگەیشتن لە قەبارەی بازرگانی و پێکهاتەی کاڵاکان، پشت بە کتێبەکەی ئ.. ڤ.. سێمینۆڤ (Изучение исторических сведений о российской внешней торговле и промышленности с половины XVII-го столетия по 1858 год) و کۆمەڵە بەڵگەنامەی فەرمیی (Материалы по


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

(Аральская мيەر وتارەکەی ل. مێیەر вопросу о торговых путях в Среднюю Азию)
флотилия в отношении к среднеазиатской торговле) بەستراوە کە تیشک دەخەنە سەر داتا ئامارییەکان و ڕۆڵی کەشتیگەلی ئارال. لە ڕووی لێکۆڵینەوە مێژوویی و ئابوورییە چڕەکانەوە، کتێبەکەی م. ک. ڕۆژکۆڤا-40 (Экономические связи России со Средней Азией: 60-е годы XIX века) کە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەیە.

**دەروازە: پێشینەیەکی مێژوویی دەربارەی بازرگانیی ڕووسیا لەگەڵ خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست**

پەیوەندییە بازرگانییەکانی ڕووسیا لەگەڵ خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست ڕیشەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە. لە سەدەی حەڤدەیەمدا، بازرگانانی ڕووس و تاتار لە شاری ئەستراخانەوە بە کەشتی بچووک بە دەریای قەزویندا هاتوچۆیان دەکرد بە مەبەستی بازرگانیکردن لەگەڵ ئەو تورکمانانەی لە کەناراوە ڕۆژهەڵاتییەکاندا دەژیان. لەوێشەوە کاروانەکانی بوخارا و خیوە دەهاتنە ناوچەکە و ئاڵوگۆڕی بازرگانییان لەگەڵ بازرگانە ڕووسەکان ئەنجام دەدا. هاوکات، نێردە دیپلۆماسییەکانی ئەم خاننشینانە بە مەبەستی چالاکیی بازرگانی سەردانی ڕووسیایان دەکرد. لەم قۆناغەدا ئاڵوگۆڕی بازرگانی قەبارەیەکی بەرچاوی هەبوو، بە جۆرێک تەنیا لە سەردەمی پیۆتەری مەزن (١٦٨٢-١٧٢٥) و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٧١٦دا، بازرگانانی ڕووس و بیانی بە بەهای ٣٧،٠٦٧ ڕۆبڵی زیو کەلوپەلیان لە بوخاراوە هێناوەتە ئەستراخان[٣] .

سروشتی ئەم پرۆسە بازرگانییە بە تێپەڕبوونی کات نەک تەنیا لە ڕووی چەندایەتی، بەڵکو لە ڕووی جۆرایەتییشەوە گۆڕانکاریی بەسەردا هات. ئەم گۆڕانکارییانە بە پلەی یەکەم پەیوەندیدار بوون بە گەشەکردنی پیشەسازیی ڕووسیاوە، کە وایکردبوو بەرهەمەکان بە تەنیا لە بازاڕی ناوخۆییدا ساغ نەبنەوە. ئەگەر لە ماوەی سەدەی هەژدەیەمدا، فرۆشتنی بەرهەمە پیشەسازییەکانی وەک، قوماشی کەتان و ئاسن بۆ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بایەخێکی زۆری بۆ پیشەسازیی ڕووسیا هەبووبێت، ئەوا لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا ئەم هاوکێشەیە گۆڕا؛ بەهۆی گەشەکردنی مێتالۆرجی (کانزازانی) بەریتانی و جێگرتنەوەی کەشتییە چارۆکەدارەکان بە پاپۆڕی هەڵمی، فرۆشتنی ئەم کاڵا ڕووسییانە لە ئەوروپا بە خێرایی ڕووی لە کەمبوونەوە کرد. هەربۆیە، بۆ بازرگانانی ڕووس بابەتی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لە سنوورەکانی ئاسیا و دابینکردنی کەرەستەی خاوی ئاسیای ناوەڕاست بۆ کارگە ڕووسییەکان، بایەخێکی گەورەی پەیداکرد[٤].

پەرەسەندنی ئەم پەیوەندییانە بەبێ ئاستەنگ نەبوو. لە ساڵی ١٧١٦، پیۆتەری مەزن شازادە (ئەلکساندەر بیکۆڤیچ چێرکاسی-Alexander Bekovich-Cherkassky)[٥]ی وەک باڵیۆز ناردە خیوە و ئەرکی گەڕان بەدوای زێڕی لە نزیک ڕووباری ئاموودەریا[٦] پێ سپارد، بەڵام دوای کوژرانی بیکۆڤیچ لەوێ، هەموو جۆرە پەیوەندیی و بازرگانییەکی ڕووسەکان لەگەڵ خیوەدا پچڕا. پچڕانی پەیوەندییەکانیان هەتا ساڵی ١٧٢٦ی خایاند، تاوەکوو خانی خیوە لە ڕێگەی باڵیۆزێکی ڕووسەوە کە لە بوخارا بوو، نێردەیەکی تایبەتی خۆی بۆ داوای لێبووردن لەو مامەڵەیەی بەرانبەر بێکۆڤیچ کرابوو ناردە لای ڕووسەکان و خواستی گەڕانەوەی دۆستایەتیی دەربڕی. لە ئەنجامدا، کاتێک لەسەر داوای حکومەتی ڕووسیا ئەو ڕووسانەی لە خیوە بە دیل گیرابوون گەڕێندرانەوە، پەیوەندییە بازرگانییەکان دەستیانپێکردەوە و فەرمان درا وەک پێشتر کاروانەکان لە ئەستراخانەوە بەرەو خیوە و بوخارا دەست بە چالاکی بازرگانی بکەنەوە، بەو مەرجەی پاسەوانی سەربازییان لەگەڵ بێت بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕێگا و کاروانەکان[٧].

هاوکات، بونیادنانی شاری ئۆرێنبێرگ لە ساڵی ١٧٣٦، سیستەمێکی زۆر جێگیرتری بەم بازرگانییە بەخشی. پێش بونیادنانی ئەم شارە، بازرگانانی خیوە، بوخارا، تاشکەند و ناوچە ئاسیاییەکانی دیکە لە سنوورەکانی ڕووسیا نزیک نەدەبوونەوە، بەڵکو تەنیا لەناو خێڵە کۆچەرییەکانی کازاخدا بازرگانییان دەکرد. شێوازی بازرگانییەکەیان بریتی بوو لە ئاڵوگۆڕکردنی قوماشی لۆکە بە ئەسپ و مەڕی کازاخەکان، و دواتر بە قازانج لە خیوە و شوێنەکانی دیکە دەیانفرۆشتنەوە[٨].

بە گشتیی، لە سەدەی هەژدەیەمەوە هەتا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، پەیوەندیی بازرگانیی نێوان ڕووسیا و ئاسیای ناوەڕاست بەردەوام لە پەرەسەندندا بوو. بۆ سەلماندنی ئەمە، ئەگەر ئاماری ماوەی ساڵانی ١٧٥٨-١٨٥٣ وەربگرین، دەبینین لە ٤٦ ساڵی یەکەمدا هەتا ١٨٠٤، هەناردە سێ هێندە و هاوردە شەش هێندە زیادی کردووە. لە ٤٩ ساڵی دووەمیشدا هەتا ١٨٥٣، هەناردە سێ هێندە و نیو، و هاوردە دوو هێندە و نیو زیادی کردووە. ئەو کاڵایانەی لە ڕووسیاوە بۆ ئاسیا هەناردە دەکران زیاتر لە قوماشی ڕووسی و بیانی، کە دواتر ئاسن، مس، شەکر و توتنیشیان بۆ زیاد بوو، پێکهاتبوون. لە بەرانبەریشدا، هاوردەی ئاسیا بۆ ڕووسیا لە ئاژەڵ کە ١٠/٩ی بەهای کۆی هاوردەی پێکدەهێنا، لۆکە (بە خاوی و چنراوی)، خوری، پێستی ئاژەڵ، میوە و چا، پێکهاتبوو[٩].

لە چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدە، گەشەیەکی خێرا لە هەناردەی ڕووسیا بە درێژایی سنوورەکانی ئاسیا بە گشتی بەدیدەکرا. هەناردەکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان، بەتایبەتی بەرهەمە لۆکەییەکان و قوماش (کە بەرهەمهێنانیان لە ڕووسیا لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە بەباشی گەشەی کردبوو)، بە خێراییەکی زۆر ڕووی لە زیادبوون کرد. لەم پێشکەوتنەدا، جەنگەکانی ڕووسیا لەگەڵ تورکیا و پێرسیا لە ساڵانی ١٨٢٠کان ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا، چونکە ڕێگەیان بۆ کاڵا ڕووسییەکان لەم بەشەی سنووری ئاسیا کردەوە. هەربۆیە کۆتایی ساڵانی ١٨٢٠کان بە گەشەسەندنی بازرگانیی ڕووسیا لەگەڵ پێرسیا دەناسرێتەوە، بە جۆرێک لە پێرسیا و تورکیای ئاسیاییدا ٤٠%ی هەموو کاڵاکان، تاوەکوو 50% بەرهەمە پیشەسازییەکان و هەتا 60%ی قوماشە لۆکەییەکان، کە بۆ ئاسیا هەناردە دەکران، لەوێ دەفرۆشران[١٠].

## تەوەری یەکەم: ڕەوشی بازرگانی نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاستی ١٨٥٠-١٨٦٥

ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، بووە سەردەمی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە مێژووی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و ئاسیای ناوەڕاستدا. ئەم وەرچەرخانە بەهۆی کۆمەڵێک ڕووداوی دیارەوە هاتە ئاراوە، کە کاریگەرییەکی جددیان لەسەر سروشت، دینامیک و مەرجەکانی بازرگانیی دوولایەنە دانا. لە نێو ئەو هۆکارانەدا دەتوانرێت ئاماژە بکرێت بە هەڵمەتە سەربازییەکەی (ڤاسیلی ئەلێکسێیڤیچ پێرۆڤسکی- Vasily Alekseyevich Perovsky)[١١]، جەنگی کریمیا، قایمبوونی پێگەکانی ڕووسیا لە دەشتاییەکانی کازاخستان. لەم قۆناغەدا، پیشەسازیی لۆکە و ئاوریشمی ڕووسیا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێویستییان بە کەرەستەی خاوی ئاسیای ناوەڕاست دەبوو. لە بەرانبەردا، خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست بازاڕێکی یەکجار پرقازانج بوون بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە تەواوکراوەکانی پیشەسازیی ناوخۆیی ڕووسیا. شکستی ڕووسیا لە جەنگی کریمیادا، شانبەشانی توندبوونی ڕکابەریی بازرگانی-ئابووریی نێوان بریتانیا و ڕووسیا لە ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێ و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەکەدا، هەموو ئەمانە وایان لە حکومەتی ڕووسیا کرد کە ستراتیجی بازرگانیی دەرەکیی خۆی لەم ئاراستەیەدا بەتەواوی بگۆڕێت[١٢].

لە ماوەی ساڵانی ١٨٤٠کان هەتا نیوەی یەکەمی ١٨٥٠کان، هەناردەی ڕووسیا تاوەکوو ڕادەیەک لە دۆخێکی چەقبەستوویدا بوو. ئەگەر هەناردەی سنووری ئاسیای ناوەڕاست دابەش بکەین بۆ هەناردە بۆ کازاخستان و هەناردە بۆ خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست، دەردەکەوێت کە هەناردە بۆ کازاخستان، چی لە ڕووی بڕی ڕەها و چی لە ڕووی ڕێژەی سەدییەوە، لە گەشەسەندنی بەردەوامدا

بووه، لە کاتێکدا هەناردەکردن بۆ خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست کەمی کردووە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆری کازاخستان خرایە ناو سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیاوە و بووە هۆی ئاسانکاریی بۆ بازرگانیی دوو لایەنە. لە بەرانبەردا، بازرگانیکردن لەگەڵ خاننشینەکان بەهۆی ڕێگا سەخت و مەترسیدارەکان، بێسەروبەریی و توندوتیژی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانەوە ئاستەنگی گەورەی بۆ دروست ببوو. بازرگانیی تەنیا لە دەستی چەند سەرمایەدارێکی نزیک لە ئەمیر و خانەکاندا قۆرخ کرابوو. هیچ یاسایەک بۆ پاراستنی موڵک و ماڵی بازرگانە ڕووسەکان نەبوو، باجی گومرگیی جۆراوجۆر لە کاروانەکان وەردەگیرا. ئەمە وایکردبوو کە سیاسەتمەدارانی ڕووسیا بگەنە ئەو بڕوایەی، فراوانکردنی بازرگانی بەبێ سەپاندنی ئاسایش و داگیرکاریی کارێکی ئەستەمە[١٣].

لە دوای جەنگی کریمیاش، هەناردەکردن بۆ خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست تەنانەت نەگەیشتە ٨٠٠ هەزار ڕۆبڵ. سەبارەت بە هاوردەش، کەرەستەی خاو کە بە پلەی یەکەم لە ئەورووپاوە هاوردە دەکرا گرنگییەکی زۆری هەبوو، چونکە لۆکەی ئاسیای ناوەڕاست زبر و کورت بوو، بەباشی پاک نەدەکرایەوە و خاوەن کارگەکان لۆکەی ئەمریکیی و میسرییان پێ باشتر بوو. ئەم پاشەکشەیە بەشێکی زۆری بەهۆی مەترسیی کێبڕکێی بریتانییەکانەوە بوو، هەربۆیە بۆرژوای ڕووس، بەتایبەتی بازرگانان و خاوەنکارانی ناوچە پیشەسازییە ناوەندییەکان، کە ئارەزووی زۆریان لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان و گۆڕینی خاکی ئاسیای ناوەڕاست هەبوو بۆ بنکەیەکی کەرەستەی خاو، داگیرکردنی خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاستیان بە هەنگاوێکی پێویست و گونجاو دەزانی.[١٤]

لە ساڵانی پاش جەنگی کریمیا و سەرەتای ١٨٦٠کاندا، گۆڕانکارییەکی گەورە لە پێکهاتەی بازرگانیی دەرەکیی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا لە هەناردەکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان بۆ خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست هاتەکایەوە. ڕێژەی بەرهەمە پیشەسازییە تەواوکراوەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. کەلوپەلە سەرەکییەکانی هەناردەی ڕووسیا بە درێژایی سنوورەکانی ئاسیای ناوەڕاست پێکهاتبوون لە: پێستە، کانزا، فەروو و بەرهەمە پیشەسازییەکانی وەک بەرهەمە کانزاییەکان، قاپوقاچاخی جۆراوجۆر، سندوق و قوماش. قوماشی لۆکە ساڵانە بە بەهای نزیکەی ٨١٩،٧١٢ ڕۆبڵ، شانبەشانی شەکر، ئاسن، پۆڵا، مس و کاغەز هەناردە دەکرا[١٥].

لە بەرانبەردا، ڕووسیا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەرەستەی خاوی زیاتری ئاسیای ناوەڕاستی بۆ کارگە و فابریکەکانی هاوردە دەکرد. تەنیا لۆکەی خاو ساڵانە نزیکەی ١٠٢،٨٢٥ پوود بە بەهای ٤٣٢ هەزار ڕۆبڵ، لۆکەی ڕستراو ١٢،٣٧٨ پوود بە بەهای ٧١،٩٦٤ ڕۆبڵ و ئاوریشمی خاو لە نێوان ٣٨،١٠٠ بۆ ٩٢،١٧٩ ڕۆبڵ هاوردە دەکران. لە پاڵ کەرەستەی خاودا، ئەو بەرهەمە تەواوکراوانەی هاوردە دەکران تەنیا ئەوانە بوون کە لە ناوخۆی ڕووسیا بەرهەم نەدەهێنران، وەک: شاڵی کشمیری، فەرش، بەرهەمە ئاوریشمییەکان، بەردە گرانبەها و نیمچەگرانبەهاکان (فەیرۆز و یاقووت)، میوە، برنج، ڕۆنیاس و چا[١٦].

لێکۆڵینەوە لە قەبارەی قەبارەی بازرگانیی نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و خاننشینەکان دەریدەخات، کە لە ماوەی ساڵانی ١٨٥٠بۆ ١٨٦٠ قەبارەی هاوردە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ڕووسیا نزیکەی سێ هێندە زیادی کردووە؛ لە ١،٦٦٩،٩٢٨ ڕۆبڵەوە لە ساڵی ١٨٥٠ بۆ ٤،١٧٠،٢٥١ ڕۆبڵ لە ساڵی ١٨٦٠ بەرزبووەتەوە. هەروەها، هەناردەی ڕووسیاش لە ١،٢٩٢،٥٨٥ ڕۆبڵەوە بۆ ٢،٢٩٤،٤٩٥ ڕۆبڵ بەرزبووەتەوە. سەرەڕای ئەم گەشەکردنە، تەرازووی بازرگانی هەمیشە کورتهێنانی تێدا بوو (هاوردە لە هەناردە زیاتر بوو). ئەم ناهەوسەنگییە بەهۆی سێ هۆکاری سەرەکییەوە بوو: یەکەم، هەتا کۆتایی ساڵانی 1860کان، فابریکە ناوخۆییەکانی ڕووسیا پێویستییەکی زۆری بەپەلەیان بە کەرەستەی خاوی خاننشینەکان هەبوو. دووەم، گەشەکردنی بەردەوامی بازاڕی ناوخۆیی ڕووسیا وایکردبوو کە بەشێکی زۆری بەرهەمە تەواوکراوەکان لە ناوخۆدا ساغبکرێنەوە. سێیەمیش، ئامارە فەرمییەکان نەیاندەتوانی ئەو قەبارە گەورەیەی کاڵای قاچاخ و ئاڵوگۆڕی کاڵا بە کاڵا تۆمار بکەن، کە لەلایەن کازاخەکانەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرا[١٧].

ئەگەر بەراوردی بازرگانیی دەرەکیی ڕووسیا لە نێوان ئاراستەی ئەورووپا و ئاسیای ناوەڕاستدا بکەین، جیاوازییەکی بنەڕەتی بەدی دەکرێت. لە کاتێکدا ڕووسیا گەنم و فەرووی بۆ ئەورووپا هەناردە دەکرد، بۆ ئاسیای ناوەڕاست بەرهەمی تەواوکراوی پیشەسازی دەنارد و کەرەستەی خاوی لێ وەردەگرت. هەروەها بازرگانیی ئاسیای ناوەڕاست ئاڵوگۆڕیی (کاڵا بە کاڵا) و کاروانیی بوو، لە کاتێکدا بازرگانیی ئەورووپا مۆدێرن و لەسەر بنەمای قەرز و گواستنەوەی دەریایی بوو. جێگەی سەرنجە ئەگەرچی لۆکەی ئاسیای ناوەڕاست لە ڕووی کوالێتییەوە (بەهۆی کورتیی دەزووەکانی و پاکنەکردنەوەی باشەوە) لە ئاست لۆکەی ئەمریکی و میسریدا نەبوو, کە لە ئەورووپاوە دەهات، بەڵام لە کاتی جەنگی کریمیادا کە ڕێگاکانی ئەورووپا داخران، لۆکەی ئاسیا گرنگییەکی بێ وێنەی بۆ ڕووسیا پەیداکرد[18].

شایەنی باسە، لەنێو هەموو خاننشینەکاندا، بوخارا وەک ناوەندی سەرەکیی بازرگانیی نێودەوڵەتی ڕۆڵی دەگێڕا. لە ساڵانی ١٨٥٥-١٨٦٥دا هەناردە لە بوخاراوە بۆ ڕووسیا پێنج هێندەو نیو و هاوردەش سێ هێندە زیادی کرد، بەڵام ئەم سەقامگیرییە بەردەوام نەبوو؛ هەڵمەتە داگیرکارییەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا کاریگەرییەکی نەرێنیی کاتییان لەسەر ئەم پرۆسەیە دانا. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٨٦٤دا بەهای هەناردەی بوخارا بۆ ڕووسیا ٦،٨٦٨،٣٤٣ ڕۆبڵ بوو، بەڵام لە ساڵی ١٨٦٥دا بەهۆی ئاڵۆزییەکانی نێوان هەردوولا، دابەزی بۆ ٣،٤٥٤،٣١٩ ڕۆبڵ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پاشەکشەیە کاتیی بوو، لە ساڵی ١٨٦٧دا هەناردەی بوخارا بۆ ڕووسیا گەیشتەوە ٦،٢١٥ ملیۆن ڕۆبڵ و هاوردەش گەیشتە ٤،٣١٠ ملیۆن ڕۆبڵ[19].

بەڕێوەچوونی ئەم بازرگانییە لە بوخارا پشتبەستوو بوو بە ڕێسا و یاسایەکی دیاریکراو و تۆکمە. کاروانە بازرگانییەکانی ڕووسیا لە دووری ٥٠ بۆ ٦٠ ڤێرست لە شارەکەوە، لە کاروانسەرای (نەزاربۆی گومباز- Nazarboy Gumbaz) دەوەستان، پاشان سەرپەرشتیاری کاروانسەراکە زانیاریی تەواوی لەسەر قەبارەی کاڵاکان و ڕەفتاری گومرگچییەکان بە خان دەگەیاند، بۆ ئەوەی فەرمانبەرێکی باجی تایبەتیان بۆ بنێردرێت. دوای وەرگرتنی باج و گومرک، کاروانەکە دەچووە ناو بوخارا و ژمارەی وشتر و کاڵاکان بە ناوی بازرگانەکەوە تۆمار دەکرا، پاشان مۆڵەتی فرۆشتنیان پێدەدرا لەو دوکانانەی کە مانگانە بە پێنج بۆ شەش تەنگە[20] بەکرێیان دەگرت. (یوجین سکایلەر- Eugene Schuyler) کە خۆی سەردانی بازاڕەکانی بوخارای کردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەوشی بازرگانی لەوێ هێندە لەبار بووە، بازرگانان دەیانتوانی بە خێراییەکی زۆر دەوڵەمەند بن[21].

پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ خیوە و کۆکەند هەتا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستبوون بە باری پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان لە ئاسیای ناوەڕاستدا. لە سەردەمی جەنگەکان، نائارامییە ناوخۆییەکان، نەخۆشییە بڵاوەکان و نەخۆشیی ئاژەڵاندا، بازرگانی ڕادەوستا یان قەبارەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی دەکرد[22]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامارەکانی ئەو قۆناغە ئاماژە بە جوڵەی بازرگانیی نێوان ئەو دوو خاننشینە و ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا دەکەن، بۆ نموونە هەناردەی ڕووسیا بۆ خیوە لە ساڵانی ١٨٥٠- ١٨٥٣بەمشێوەیە بووە : ١٢٠ ڕۆبڵ دانەوێڵە، ٤٤٥ پوود شەکر، ٣،٨١٣ ڕۆبڵ شیرینی ڕەق، بۆ تاشکەند و کۆکەندیش بەمشێوەیە بووە: ١٨ ڕۆبڵ دانەوێڵە، ٥٧٣ پوود شەکر، ٥،٧٠٦ ڕۆبڵ شیرینی ڕەق. جگە لەمانە، هەناردەی چەرم و کانزاکانیش بۆ خاننشینە جیاوازەکانی ئاسیا لەو ماوەیەدا لە ڕووسیاوە بەردەوامی هەبووە[23].

لە بەرانبەردا، ڕووسیاش بە بڕێکی زۆر بەرهەمی خۆراکیی، ئاژەڵ و کەرەستەی خاوی لە خانەکانی ئاسیای ناوەڕاستەوە هاوردەی وڵاتەکەی کردووە. ئەگەر ساڵانی سەرەتای ١٨٥٠کان وەربگرین، تێبینی ئەوە دەکەین کە مەڕومالات بە بەهای ١،٣١٦،٢٧٦ گەورەترین بڕی هاوردەیە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە، هەروەها میوە لە تاشکەند و کۆکەندەوە بە بەهای ١٠٦،٠٧٩ ڕۆبڵ و چا بە بەهای ٥٥٣،٠٠٠ ڕۆبڵ هاوردە کراون. شایەنی باسە، بڕی هارودەی کەرەستەی خاویش لەم ماوەیەدا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بە تایبەتی هاوردەی لۆکەی خاو زۆر زیادی کردووە و گەیشتووەتە زیاتر لە ٥٨،٠٠٠ پوود. ئەمە دەریدەخات، کە کارگەکانی ڕووسیا زیاتر پێویستییان بە

لۆکەی خاو بووە نەک ڕستراو و ئاماژەیە بۆ گەشەی پیشەسازیی ڕووسیا. جێگەی سەرنجە کە بڕی هاوردەی لۆکە لە ماوەی ١٨٣٦-١٨٥١ دوو هێندە زیادی کردووە[٢٤].

**تەوەری دووەم: دۆخی بازرگانی لەسەروبەندی داگیرکردن و لکاندنی خانەکانی ئاسیای ناوەڕاست بە ڕووسیاوە 1865-1875**

ئەم ماوەیە لە مێژووی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیادا، بە قۆناغێکی یەکلاکەرەوە و چارەنووسساز دادەنرێت، لەبەرئەوەی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەر دینامیکی بازرگانیی نێوان ڕووسیا و خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا هات. لەو ماوەیەدا، سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا لە مامەڵەیەکی بازرگانیی سنووردارەوە گۆڕا بۆ پرۆسەیەکی فراوانخوازیی سەربازیی و لکاندنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی خانەکانی خیوە، بوخارا و کۆکەند. تێگەیشتن لەم وەرچەرخانە پێویستی بە شیکردنەوەی ئەو فاکتەرە ئابوورییە جیهانی و لۆکاڵییانە هەیە، کە پاڵنەری سەرەکیی جووڵەکانی سانت پترسبۆرگ بوون. یەکێک لە گرنگترین ئەو فاکتەرانە، هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا بوو لە ساڵی ١٨٦١دا، کە دەرهاویشتە ئابوورییەکانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و قووڵیان لەسەر ئاراستەی بازرگانیی ڕووسیا دانا. پێش ئەم جەنگە و تا ساڵی ١٨٦٢، پیشەسازیی ڕستن و چنینی ڕووسیا بە ڕێژەی زیاتر لە 90% پشتی بەو لۆکە خاوە دەبەست کە لە ڕێگەی سنوورە ئەورووپاییەکانەوە لە ئەمریکاوە هاوردە دەکرا، لە کاتێکدا پشکی خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە دابینکردنی لۆکە بۆ ڕووسیا کەمتر لە 10%بوو، تەنانەت لە هەندێک ساڵدا بۆ 4% تا 7%دادەبەزی، بەڵام لەگەڵ توندبوونی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا و سەپاندنی گەمارۆی دەریایی بەسەر ویلایەتەکانی باشووردا، هاوردەی لۆکە لە سنوورەکانی ئەورووپاوە بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ کەمتر لە نیوەی ڕێژەی جاران دابەزی، ئەمەش قەیرانێکی گەورەی بەناوی (کەمیی لۆکە) لە بازاڕەکانی ڕووسیادا دروستکرد[٢٥].

بۆ تێگەیشتن لە قووڵیی ئەم قەیرانە و پێویستیی خاوەن کارگە ڕووسییەکان بە کەرەستەی خاو، ئەزموونی بازرگانی ڕووسی (ئیڤان ئەلێکسێیڤیچ خلودۆف-Ivan Alexeyevich Khludov) نموونەیەکی گونجاوە. لە ساڵی ١٨٦٠دا، خلودۆف گەشتێکی بۆ ئەمریکا کرد و سەردانی کێڵگەکانی لۆکەی لە ویلایەتەکانی باشوور کرد. سەرەڕای ناڵەباریی بارودۆخەکە بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانەوە، ئەو توانی بڕێکی زۆر لە قوماش و بەرهەمە دەستییەکانی ڕووسیا ساغ بکاتەوە و لە بەرانبەردا لۆکە بکڕێت. خلودۆف بەشێک لەم لۆکەیەی خستە سەر پاپۆڕێک لەگەڵ کوڕەکەیدا بەرەو ڕووسیا بەڕێکەوت، بەڵام لە لایەن کەشتییە جەنگییەکانی هێزەکانی باکووری ئەمریکاوە گەمارۆ دران. سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ هەڵاتن، تەقەی تۆپەکان ناچاریان کرد خۆی بەدەستەوە بدات؛ لە ئەنجامدا باکوورییەکان دەستیان بەسەر ئەو لۆکەیەدا گرت کە بەهاکەی بە یەک ملیۆن ڕۆبڵ خەمڵێندرا بوو، بڕێکی تری کاڵاکەشی کە لە کەناراوەکان مابووەوە، سووتێندرا. دوای ئەم زیانە گەورەیە و بێئومێدبوون لە بازاڕی ئەمریکا، خلودۆف لە ساڵی ١٨٦٢دا نووسینگەیەکی بازرگانیی لە شاری لیڤەرپوولی بریتانیا کردەوە و هەتا ساڵی ١٨٦٣ ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانانی تری ڕووسیا شوێنپێی ئەویان هەڵگرت. ئەم ڕووداوە سەلماندی کە پشتبەستن بە کەرەستەی خاوی ئەورووپا و ئەمریکا چیتر گەرێنتی نییە، هەربۆیە خاوەن کارگە ڕووسییەکان بەپەلە ڕوویان کردە کەرەستەی خاوی ناوچەکانی ئاسیا. سەرەڕای ئەوەی لۆکەی ئاسیای ناوەڕاست کوالێتی نزمتر بوو، دەزووەکانی کورت بوون و بە باشی پاک نەدەکرانەوە، بەڵام پیشەسازیی ڕووسیا بەناچاری خۆی لەگەڵدا گونجاند بۆ بەرهەمهێنانی دەزووی کوالێتی نزم[٢٦].

ئەگەرچی بە کۆتایی هاتنی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٦٥دا قەیرانی جیهانیی لۆکە خاووبوونەوەی بەخۆوە بینی و هاوردەی لۆکە لە سنوورەکانی ئەورووپاوە دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی کەمکردنەوەی بایەخی ئاسیای ناوەڕاست. بە پێچەوانەوە، لۆکەی ئاسیای ناوەڕاست پێگەیەکی زۆر باڵاتری لە پێش جەنگ بەدەستهێنابوو. سەرەڕای دابەزینی بەهای لۆکە لە بازاڕی جیهانیدا، بڕی هاوردەکراوی لۆکەی ئاسیایی بۆ ڕووسیا لە ساڵی ١٨٦٧دا گەیشتە ٥٠٠ هەزار پوود ،

کە سێ هێندەی بڕی هاوردەکراوی ساڵی ١٨٥٧ بوو. چاپەمەنییەکانی ڕووسیا ئەمەیان وەک خاڵێکی ئەرێنی لێکدەدایەوە؛ بۆ نموونە نووسەری وتاری (کاریگەریی جەنگی ئەمریکا لەسەر کاروباری لۆکە لە ڕووسیا) لە ڕۆژنامەی مۆسکۆدا ئاماژەی بەوە داوە، کە قەیرانەکە پیشەسازیی ڕووسیای ناچار کرد هانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بدات و جێگە بۆ لۆکەی بوخارا بکاتەوە. هاوکات، گومان هەبوو لە بوژانەوەی خێرای کێڵگەکانی ئەمریکا؛ پەیامنێری گۆڤاری (تۆرگۆڤی سبۆرنیک) لە ساڵی ١٨٦٩دا نووسیبووی، کە تێکچوونی ئابووریی ئەمریکا بۆ ماوەیەکی درێژ کاریگەریی دەبێت و حکومەتی بریتانیاش سەرقاڵی پەرەپێدانی چاندنی لۆکەیە لە هیندستان. هەربۆیە پیشەسازیی ڕووسیا دەستی بە کەرەستەی ئاسیای ناوەڕاستەوە گرت، بە جۆرێک لە ساڵی ١٨٧٥دا نوێنەرانی ئیدارەی قەیسەر لە تاشکەند، ڕاپۆرتیان دا کە کڕینی لۆکە بۆ فابریکەکانی مۆسکۆ بە نرخی حەوت ڕۆبڵ بۆ هەر پوودێک پڕقازانجە، تەنانەت ئەگەر بەهۆی نەشارەزایی لە پاککردنەوەیدا ٣٠ بۆ 30%ی کێشەکەشی لەدەست بچێت[٢٧].

لەگەڵ ئەوەشدا، جێگیربوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان و گەشەی هەناردەی ڕووسیا تەنیا بەهۆی گۆڕانکارییەکانی بازاڕی جیهانییەوە نەبوو، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و جیانەکراوەی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای قەیسەرەوە هەبوو. داگیرکردنی شارە ستراتیژییەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە ساڵی ١٨٦٤و بەتایبەتی کەوتنی تاشکەند لە ساڵی ١٨٦٥دا، کاریگەرییەکی بێ وێنەی لەسەر چالاکیی بازرگانیی ڕووسیا دانا. دەستپێکردنەوەی هاوردەی لۆکە لە ئەورووپاوە نەبووە هۆی کەمبوونەوەی هەناردەی ڕووسیا بۆ ئاسیا، بەڵکو لە ساڵی ١٨٦٥وە هەناردە بە خێراییەکی زۆر گەشەی کرد. لە کاتێکدا لە ساڵی ١٨٦٥دا قەبارەی هەناردەی ڕووسیا بۆ ئاسیای ناوەڕاست ٣٧٧٥ ڕۆبڵ بوو، ئەم بڕە لە ساڵی ١٨٦٦دا بەرزبووەوە بۆ ٥٦٢٩ ڕۆبڵ و لە ساڵی ١٨٦٧دا گەیشتە ئاستێکی پێوانەیی نوێ کە ١٠٢٧٥ ڕۆبڵ بوو. ئەم پەرەسەندنە خێرایە، وایکرد هەناردەی ئاسیای ناوەڕاست ببێتە 42%ی کۆی هەناردەی ڕووسیا بۆ ئاسیا.[٢٨]

لەگەڵ چەسپاندنی ئەم باڵادەستییە سەربازییەدا، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ڕووی ئیداری و تۆمارکردنی ئامارەکانەوە هاتەکایەوە و توێژینەوە مێژووییەکانی ئاڵۆز کرد. هەتا ئەم قۆناغە، داتاکانی پەیوەست بە بازرگانی لەگەڵ خیوە، بوخارا، تاشکەند و کۆکەند لە بڵاوکراوە فەرمییەکانی فەرمانگەی بازرگانیی دەرەکیی ڕووسیادا تۆمار دەکران. بەڵام لە ٢٢ی نیسانی ١٨٦٨دا، بەپێی ڕای پەسەندکراوی ئەنجومەنی دەوڵەت، بڕیار درا کە هێڵە گومرگییەکانی ڕۆژئاوای سیبیریا و ئۆرێنبێرگ هەڵوەشێنرێنەوە. بەم بڕیارە، بازرگانیکردن بە بەرهەمە ئەورووپاییەکان بۆ ناو ئەو ناوچانەی سوپای ڕووسیا داگیری کردبوون یاساغ کرا و بازرگانی لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاستدا وەکوو بازرگانییەکی ناوخۆیی ڕووسیا مامەڵەی لەگەڵدا کرا. لە ئەنجامدا، لە ساڵی ١٨٦٨ بەدواوە، داتاکانی پەیوەست بە کازاخستان و ئاسیای ناوەڕاست لە ڕاپۆرتەکانی بازرگانیی دەرەکیدا سڕانەوە. ئەم بارودۆخە وا دەکات بۆ تێگەیشتن لە وردەکارییەکانی دوای ساڵی ١٨٦٧، پەنا بۆ سەرچاوە ناوخۆیی و لاوەکییەکان ببرێت، ئەوانیش بێگومان پێویستییان بە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە هەیە[٢٩].

یەکێک لە گرنگترین ئەو سەرچاوە لاوەکییانە، بەڵگەنامەیەکە بە ناوی (پێداچوونەوەیەکی کورتی ئامرازە بازرگانی و بەرهەمهێنەرەکانی ناوچەی تورکستان[٣٠])، کە لە ساڵی ١٨٧٥دا ئامادە کراوە و دوای مردنی جەنەڕاڵ (کەنستەنتین پیترۆڤیچ فۆن کاوفمان-Konstantin Petrovich von Kaufmann ) لە ناو کاغەزەکانی نووسینگەکەیدا دۆزراوەتەوە. بە بەراوردکردنی داتاکانی ئەم یاداشتە لەگەڵ ئامارەکانی لێژنەی بازاڕی تاشکەند، دەردەکەوێت کە زانیارییەکان زۆر نزیکن لە یەکەوە. بۆ نموونە، بەپێی یاداشتەکە، کۆی هاوردەی کاڵا بۆ تاشکەند لە ساڵی ١٨٧٢دا ١١،٦٤٧،٠٦٣ ڕۆبڵ بووە، کە هەمان ژمارەی تۆمارکراوی لێژنەی بازاڕی تاشکەندە. هەروەها کۆی هەناردە لە تاشکەندەوە لە هەمان ساڵدا ٥،٦٠٦،٩٩٠ ڕۆبڵ بووە، لە کاتێکدا لە خشتەی لێژنەکەدا ٥،٦٠٢ هەزار ڕۆبڵ بووە، کە جیاوازییەکە تەنیا پێنج هەزار ڕۆبڵە و ئەمەش متمانەپێکراویی سەرچاوەکە دەسەلمێنێت. ئەم داتایانە نیشانی دەدەن کە هەناردە و هاوردە لە ساڵانی یەکەمی دوای داگیرکردنی تاشکەند بەردەوام لە گەشەکردندا



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بوون، هەرچەندە لە ساڵانی ١٨٧٣ و ١٨٧٤دا کەمبوونەوەیەک لە قەبارەی بازرگانیدا بەدی دەکرێت. ئەم پاشەکشە کاتییە، پێدەچێت بەهۆی کاریگەرییە نەرێنییەکانی شاڵاوی سەربازیی ڕووسیا بۆ سەر خیوە، یان ئەو ئاستەنگییانە بووبێت، کە بەسەر بازرگانیی ناوچەکەدا هات دوای ئەوەی لکاندنی ناوچە نوێیەکان بە ئیمپراتۆریەتەوە گەیشتە قۆناغی چەسپاندن. هەروەها، لە پێکهاتەی ئەم هەناردەیەی ڕووسیادا، قوماشی لۆکەیی هەمیشە پشکی شێری بەرکەوتووە و کێشی. ڕێژەیی ئەم قوماشانە لە کۆی هەنارده بۆ تاشکەند بەرچاو بووە[٣١].

هاوتەریب لەگەڵ ئەم کۆنترۆڵە ئابووری و سەربازییەدا، ڕووسیا بۆ بەیاساییکردنی هەژموونەکەی دەستیکرد بە سەپاندنی پەیماننامەی دیپلۆماسی بەسەر خاننشینەکاندا. دوای پێشڕەوییەکانی سوپا کە بە داگیرکردنی سەمەرقەند و ناوچەکانی تری بوخارا کۆتاییهات، لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٨٧٣دا ڕێکەوتنێکی چارەنووسساز لە شەهریسەبز لە نێوان ڕووسیا و بوخارا واژۆ کرا. بەپێی مەرجەکانی ئەم ڕێکەوتنە، بوخارا سەربەخۆیی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەدا لەدەستدا و مافی ئەوەی لێسەندرایەوە پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا ببەستێت، بەمەش بە فەرمی بوو بە پارێزراوێکی (پرۆتێکتۆراتێکی) ڕووسیا. جیاوکی گەورەی ئابووری لەم ڕێکەوتنەدا ئەوە بوو، کە بازرگانە ڕووسەکان مافی ئەوەیان بەدەستهێنا بەبێ پێدانی هیچ باجێکی گومرگی بەناو خاکی بوخارادا تێپەڕبن بۆ وڵاتانی تر. چەند ڕۆژێک دواتر، لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٨٧٣دا، سێیەمین ڕێکەوتنی فراوانتر لە ١٨ماددە پێکهاتبوو لە نێوان بوخارا و ڕووسیا واژۆ کرا. ئەم ڕێکەوتنە دەرفەتی بازرگانیی ڕەهای بە ڕووسەکان دا؛ لە ماددەی پێنجدا، پاراستنی ئاسایشی۔ ئەو کاروانە ڕووسیانەی دەگەیشتنە بوخارا بەتەواوی خرایە ئەستۆی حکومەتی بوخارا و جەختکرایەوە، کە هەموو شار و گوندەکانی خاننشینەکە دەبێت بۆ بازرگانیی ڕووسیا کراوەبن[٣٢]. هەروەها بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوە ئاوییەکان، لە ماددەیەکی تری پەیماننامەکەدا ڕووسەکان مافی ئەوەیان بەدەستهێنا، کە کۆگای بازرگانیی و سەربازیی لەسەر کەنارەکانی ڕووباری ئاموودەریا دروست بکەن، کە سەر بە خاکی خاننشینەکە بوون و ئەرکی پاراستنی ئەم کۆگایانەش خرایە ئەستۆی حکومەتی بوخارا. یەکێک لە ئاڵۆزترین پرسەکانی ئەم دانوستانانە، پرسی باجی گومرگی بوو، بەپێی ماددەی شەشی ڕێکەوتنەکە، بازرگانە ڕووسەکان دەبوایە تەنیا باجێک بدەن کە لە 2,5% پێکهاتووە بۆ ئەو کاڵایانەی لە نێوان ڕووسیا و بوخارادا دەگوازرانەوە و لەوە زیاتر هیچ باجێکی زیادەیان لێ وەرنەگیرێت. لەبەرئەوەی داهاتی سەرەکیی گەنجینەی خانی بوخارا لەو گومرگانە پێکدەهات، کە لە بیانییەکان وەردەگیرا. ئەم بابەتە بووە هۆی مشتومڕێکی درێژخایەن لە نێوان حاکمی گشتیی تورکستان و ئەمیر موزەفەرەدین بهادور خان (١٨٦٠-١٨٨٥)خانی بوخارادا، لە کۆتاییدا، بە فشاری ڕووسیا، خان ناچار بوو قایل بێت بە کەمکردنەوەی باجی گومرگیی بازرگانی لە 2,5%ەوە بۆ تەنیا 1,5%[٣٣].

ئەم ڕێکەوتنە نابەرانبەرانە، وایان کرد کە لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی خاننشینی بوخارا لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا، ڕووسیا ببێتە وڵاتی بێ ڕکابەر و پێشەنگ. تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، پێویستییەکی زۆر لە خاننشینی بوخارادا بۆ ئەو کاڵا بازرگانییانە هەبوو، کە لە ڕووسیاوە دەهێنران، و لە بەرانبەریشدا ئەو بەرهەمانەی لە خاننشینەکەوە هەناردەی ڕووسیا دەکران کڕیاری تایبەتی خۆیان هەبوو. ئەم کرانەوەیە وایکرد بازرگانە بوخاراییەکانیش بتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئازادانە چالاکییە بازرگانییەکانیان لە مۆسکۆ، سانت پترسبۆرگ، کازان، ئۆرێنبۆرگ، ئۆرسک، تیومین و ئەستراخان ئەنجام بدەن. بە قۆستنەوەی ئەم هەلومەرجە، حکومەتی ڕووسیا دەستی بە کردنەوەی کۆمەڵە هاوبەشەکان، لقی کۆمپانیا ڕووسی و ماڵە بازرگانییەکان لەناو بوخارادا، کرد. بەتایبەتی ١٨٨٠کانەوە، پرۆسەی چوونە ناوەوەی لقی بانک و کۆمپانیا مۆنۆپۆلییەکانی ڕووسیا بۆ ناو خاکی خاننشینەکە خێراتر بوو، کە ئەمەش ئابووریی ناوچەکەی بەتەواوی خستە ژێر ڕکێفی سەرمایەی ڕووسییەوە[٣٤].

ئەگەر تەماشای پێکهاتەی ئەو کاڵایانە بکەین، کە لەم قۆناغەدا لە بوخاراوە هەناردەی ڕووسیا دەکران، دەبینین کە کەرەستەی خاو و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان باڵادەست بوون. بەوپێیە پشکی ئاوریشم و بەرهەمە ئاوریشمییەکان زۆر گەورە بووە؛ تەنیا لە نێوان ساڵانی ١٨٦٢ بۆ ١٨٦٦، لە

ڕێگەی بەشی گومرگی ئۆرێنبۆرگەوە کەرەستەی خاوی ئاوریشم بە بەهای ٣٩٣،٤٧٩ ڕۆبڵ هەناردە کراوە. هەروەها لە ماوەی نێوان ١ی حوزەیرانی ١٨٦٨ هەتا ١ی ئەیلوولی ١٨٦٩، لە ڕێگەی بەشی گومرگی کازالییەوە ٥٠٣٨ پوود ئاوریشم و بەرهەمی ئامادەکراو لە ئاوریشم هەناردەی ڕووسیا کراوە، کە کۆی گشتیی بەهاکەی ١،٠٧٢،٨١٩ ڕۆبڵ بووە. ئەگەر قەبارەی گشتی وەربگرین، لە ئەیلوولی ١٨٦٨ هەتا ئەیلوولی ١٨٦٩، لە ڕێگەی بەشی گومرگی کازالییەوە بە بڕی چوار ملیۆن و١٩٣هەزار ڕۆبڵ کاڵا هەناردەی ڕووسیا کراوە، کە تێیدا لۆکە، پێستی قەرەکوڵ و میوەی وشک هاوتای ئاوریشم، بەرهەمە سەرەکییەکان بوون. بەهۆی ئەم گەشەسەندنەوە، لە ساڵی ١٨٦٩دا کۆی گشتیی قەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییەی لە نێوان بوخارا و ڕووسیادا ئەنجامدەدرا، گەیشتە ١١ ملیۆن ڕۆبڵ[٣٥]

لە کۆتاییدا دەتوانرێت بگوترێت کە قۆناغی ساڵانی ١٨٦٠ بۆ ١٨٧٥، قۆناغی گۆڕینی ئاسیای ناوەڕاست بوو لە ناوچەیەکی بازرگانیی سەربەخۆوە بۆ پاشکۆیەک و بنکەیەکی دابینکردنی کەرەستەی خاو بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا. ئەمە نەک تەنیا لە ڕێگەی سەپاندنی هێزی سەربازییەوە بەدەستهات، بەڵکو لە ڕێگەی گۆڕینی سیستەمی باجی گومرگی، سەپاندنی پەیماننامەی ئابووریی نابەرانبەر، و خستنەگەڕی سیستەمی بانکی و مۆنۆپۆلیی ڕووسی لە ناوچەکەدا چەسپێنرا.

پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان ڕووسیا و خاننشینی کۆکەندیش لە دوای ساڵی ١٨٦٥ەوە، چەند لایەنێکی لەخۆگرتبوو. لە لایەکەوە، ڕووسەکان سوودیان لە داهێنانە لۆجستییە ناوخۆییەکانی کۆکەند وەرگرت؛ بۆ نموونە بازرگانانی دۆڵی فەرغانە تەکنیکێکی پێشکەوتوویان بۆ پاراستنی میوە هەبوو (لە ڕێگەی پێچانیان لە کاغەز و مۆم و هەڵگرتنیان لەناو لمی وشکدا)، کە وایکرد لە ساڵی ١٨٦٨دا جەنەراڵە ڕووسەکان بتوانن ٩٠٠ لیمۆ بە ساغی بۆ ماوەی چەندین مانگ لە تاشکەندەوە بگەیەننە مۆسکۆ. لە لایەکی ترەوە، سەرمایەدارە ڕووسەکان دەستیان بە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ کرد، وەک دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی ١٨٦٨ لە لایەن بازرگان (فیۆدۆر مۆیبولۆڤ- Fyodor Maybolov)ەوە، کە بەرهەمهێنانی کیرۆسینی ناوخۆیی بە ناوی (چیمەن نەفتی) لێکەوتەوە و بەهۆی هەرزانیی نرخەکەیەوە (نیوەی نرخی هاوردەکراو) گۆڕانکاریی بەسەر بازاڕی وزەی تورکستاندا هێنا. هاوکات، ئەم قۆناغە پڕ بوو لە چاودێری و سیخوڕیی ئابووری لەلایەن ڕووسیاوە؛ گەڕیدەکانی وەک (ئەلێکسێی پاڤلەڤیچ فێدچێنکۆ- Alexei Pavlovich Fedchenko) لە ساڵی ١٨٧١دا بەوردی شیکارییان بۆ بازاڕە مۆدێرن و ڕێکخراوەکانی کۆکەند دەکرد کە لە سەردەمی سەید محەممەد خودایار خان (1845-1875) بە دار و شووشە دروستکرابوون، هەروەها کەسانی وەک وێنەگر ( نیکۆلای کریڤتسۆڤ- Nikolai Krivtsov) لە ساڵی ١٨٧٢دا بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانای سەربازی، سەردانی کارگەکانی چەکسازیی ئەندیجانیان کرد کە لە یەک کاتدا پێنج جۆر چەکیان بەرهەمدەهێنا. سەرجەم ئەم چاودێری و زانیارییە ئابوورییانە خرانە خزمەت نەخشەسازیی کۆلۆنیالیزمی ڕووسیاوە، کە دواجار بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوەتیی کۆکەند، هەستا بە داخستنی زۆرەملێی پیشەسازییە ستراتیژییە ناوخۆییەکانی وەک کارگەکانی کاغەزسازی و شوێنەکانی سکەلێدانی دراو، تاوەکوو بازاڕەکە لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە بەتەواوی وابەستەی ڕووسیا بکات و زەمینە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکیی خاننشینەکە لە ساڵی ١٨٧٦دا خۆش بکات[٣٦].

سەبارەت بە خاننشینی خیوەش، لە دوای ساڵی ١٨٦٥ و بەتایبەتی پاش ئەوەی ڕووسیا سەرکەوتنی گەورەی بەسەر خاننشینەکانی کۆکەند و بوخارادا بەدەستهێنا و ڕێکەوتنی بازرگانیی بەسەردا سەپاندن، خاننشینی خیوە وەک دوایین قەڵای ملنەدان و ئاستەنگ لە بەردەم بازرگانی و هەژموونی ڕووسیادا مایەوە. لەم قۆناغەدا، پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ خیوە گرێدراوی کۆمەڵێک کێشەی ئاسایشی و ئابووری بوون، کە کاریگەریی نەرێنیی ڕاستەوخۆیان لەسەر جووڵەی بازرگانیی ناوچەکە دانابوو. لە کاتی هەڵمەتە سەربازییەکانی ڕووسیا دژی کۆکەند و بوخارا لە ساڵانی ١٨٦٠-١٨٦٨، خیوە خۆی لە سیاسەتی دەرەوەی چالاک بەدوور گرت و سەرقاڵی ململانێ ناوخۆییەکانی بوو. ئەگەرچی ڕووسیا سەرەتا سیاسەتێکی میانڕەوی لەگەڵ خیوە پیادە دەکرد، چونکە نەبووە هاوپەیمانی بوخارا، بەڵام

خیوە ببووە پەناگەیەک بۆ هەموو ئەو هۆزانەی دژی ڕووسیا بوون. وەک جەنەڕاڵ (ئەلێکسێی نیکۆلایڤیچ کورۆپاتکین- Alexei Nikolayevich Kuropatkin) ئاماژەی پێکردووە، خیوە نەک هەر ڕەتی دەکردەوە بێتە ناو ڕێکەوتنێکی ئاشتیی و بازرگانییەوە، بەڵکو دەستە چەکدارەکانیان بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر دەشتەکانی ئۆرێنبۆرگ و خوارووی سیردەریا. ئەم هێرشانە بوونە هۆی پچڕانی پەیوەندییەکانی سەر ڕێگای بازرگانیی ئۆرێنبۆرگ-تاشکەند کە بەهۆیەوە چەندین ڕێبوار و بازرگان کوژران یان ڕفێندران و لە ئەنجامدا جووڵەی بازرگانی بەتەواوی وەستا[٣٧].

بەهۆی پەککەوتنی بازرگانی و بەردەوامیی تالانییەکان، حاکمی تورکستان، فۆن کاوفمان، هەوڵیدا لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە کێشەکان چارەسەر بکات. لە ساڵی ١٨٦٩دا، دوو نامەی بۆ (دیوان-بەگی) کارمەندی خاننشینی خیوە نارد و هۆشداری دا لەو چارەنووسەی بەسەر کۆکەند و بوخارادا هاتووە. دواتر لە نامەیەکی گرنگدا لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٨٧٠، کاوفمان زۆر بەڕێزەوە داوای لە خان کرد کە دوو مەرجی سەرەکی جێبەجێ بکات: یەکەم، ئازادکردنی هەموو دیلە ڕووسەکان؛ دووەم، ڕێگەدان بە بازرگانیی ئازاد بۆ بازرگانە ڕووسەکان لە ناو خیوەدا، بەڵام خانی خیوە ئەم داواکارییە ئابووری و ئەمنییانەی بەتەواوی پشتگوێ خست و وەڵامی نەدایەوە[٣٨].

کاتێک خانی خیوە بینی کە هێزەکانی ڕووسیا بە سەرکردایەتی (نیکۆلای گریگۆریێڤیچ ستۆلێتۆف- Nikolai Grigoryevich Stoletov) و دواتر (ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ مارکۆزۆڤ- Vasily Ivanovich Markozov) لە ساڵانی ١٨٦٩-١٨٧٢ لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر جێگیر دەبن و فشارەکان زیاتر دەبن، لە ١٥ی شوباتی ١٨٧٢دا شاندێکی نارده فۆرتی ئەلێکساندرۆڤسکی بۆ پێشنیازی دۆستایەتی. بەڵام ڕووسیا سوور بوو لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانی، کە بریتی بوون لە کردنەوەی بازاڕەکان، ئاسایشی. بازرگانی و ئازادکردنی دیلەکان. کاتێک خانی خیوە وەڵامێکی ناڕوون و ڕەتکەرەوەی دایەوە، حکومەتی ڕووسیا گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە بازرگانی و جیۆپۆلەتیکییەکانی لە ناوچەکەدا بەبێ بەکارهێنانی هێز کارێکی ئەستەمە[٣٩].

لە کۆتاییدا، بێ ئاکامبوونی هەموو داواکارییەکان بۆ بازرگانیی ئازاد و دابینکردنی ئاسایش بۆ کاروانەکان، جەنەڕاڵ کاوفمان لە ساڵی ١٨٧٠دا داوای مۆڵەتی لە ئیمپراتۆری ڕووسیا بۆ هێرشکردنە سەر خیوە کرد. دواجار، ئەم ئاستەنگە بازرگانی و ئەمنییانە بوونە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی لە بەهاری ساڵی ١٨٧٣دا، سوپای ڕووسیا لە چوار ئاراستەی جیاوازەوە (تاشکەند، ئۆرێنبۆرگ، مانگیشلاک و کراسنۆڤۆدسک) هێرشێکی سەربازیی گەورە بکاتە سەر خیوە و خاننشینەکە بخاتە سەر ئیمپراتۆریەتەکەی[٤٠].

### تەوەری سێیەم: ڕێگە بازرگانییەکان و هۆکارەکانی گواستنەوە لە نێوان ڕووسیا و ئاسیای ناوەڕاست

پێداچوونەوەی گشتیی بازرگانیی ڕووسیا لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست ڕوون نابێتەوە، ئەگەر باسی ڕێگەکانی گەیاندن و گواستنەوە لە خودی ئاسیای ناوەڕاست و ڕێگاکانی نێوان ڕووسیا و ناوچەکە نەکەین، چونکە ئەم ڕێگەیانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و یەکلاکەرەوەیان لەسەر ڕەوتی بازرگانی و گەشەکردنی ئابووری هەبوو. تا نیوەی دووەمی ١٨٦٠کان، ڕێگەی سەرەکیی گەیاندنی کاڵاکان بریتی بوو لە هاتوچۆی کاروانەکان. وەک جێگری ئەرکانی گشتی، جەنەڕاڵ (ئەلێکساندەر ئیڤانۆڤیچ گلوخۆڤسکۆی- Aleksandr Ivanovich Glukhovskoy) ، ئاماژەی پێ کردووە، کاروانەکان بۆ ڕووسیا و بە پێچەوانەوە بە هەمان ئەو شێوازە کۆنە دەڕۆیشتن کە سەد ساڵ پێشتر باو بوو. لەسەر بنەمای گێڕانەوەی زیاتر لە ٢٠٠ بازرگان و بریکار، (پاڤێل ئیڤانۆڤیچ نێبۆڵسین- Pavel Ivanovich Nebolsin) لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٨٥٠کاندا وەسفێکی وردی جووڵەی کاروانەکانی کردووە. کاروانەکان لە بوخاراوە بۆ ڕووسیا زیاتر لە ڕێگەی ئۆرێنبێرگ یان ترۆیتسکەوە دەڕۆیشتن. یەکەم کاروان لە بوخاراوە بۆ ئۆرێنبێرگ بە ئاسایی لە ناوەڕاستی مانگی شوباتدا بەڕێدەکەوت، و دووەمیان لە مانگی

ئایاردا. لە ساڵی ١٨٥٠دا، پێنج کاروان لە بوخاراوە گەیشتنە ئۆرێنبێرگ. کاروانەکانیش لە بوخاراوە بۆ ترۆیتسک ساڵانە دوو بۆ سێ جار دەڕۆیشتن. لە بەرانبەردا، کاروانەکان لە رووسیاوە بۆ بوخارا تەنیا لە وەرزی پاییزدا بەڕێدەکەوتن، ئەمەش بەستراوە بوو بە کاتی کۆتاییهاتنی پێشانگا بازرگانییە گەورەکانی وەک بازاڕی ساڵانەی نیژنی نۆڤگەرەد. لە ئۆرێنبێرگەوە لە مانگەکانی ئاب هەتا تشرینی دووەم و لە ترۆیتسکەوە لە ئاب هەتا تشرینی یەکەم کاروانەکان بەڕێدەکەوتن. زۆربەی هەرە زۆری کاروانەکان پشتیان بە وشتری باربەر دەبەست، بەڵام لە قەڵای ئۆرسکەوە بۆ ئۆرێنبێرگ کاڵاکان دەخرانە سەر گالیسکە[٤١].

سەبارەت بە خیوە، لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٨٥٠کاندا کاروانەکانی خیوە دوو ڕێگەی سەرەکییان هەبوو؛ زۆربەی کات بۆ ئۆرێنبێرگ دەڕۆیشتن (کە ساڵانە دوو بۆ سێ کاروانی بۆ دەنێردرا) و کاروانێکی بچووکیش لە ڕێگەی مانگیشلاکەوە بەرەو ئەستراخان دەچوو بۆ گواستنەوەی لۆکەی خاو و دەزوو. ڕێگەی نێوان ئۆرێنبێرگ و خیوە بە ئاسایی ٤٥ بۆ ٥٥ ڕۆژی دەخایاند. کاڵاکانیش لە رووسیاوە لە ڕێگەی هێڵی سنووری، یان ڕاستەوخۆ لە مۆسکۆ، ڤلادیمێر و نیژنی نۆڤگەرەدەوە دەنێردران و شاری کازان خاڵی سەرەکیی کۆبوونەوەی ئەم بازرگانییە بوو. ئەم شێوازە کاروانییە هەتا کۆتایی ساڵانی ١٨٦٠کان بەردەوام بوو، تاوەکوو ئەوکاتەی بەهۆی ئاوەدانکردنەوەی کراسنۆڤۆدسک لە ساڵی ١٨٦٩دا، ڕێگەیەکی نوێی بازرگانی لە کراسنۆڤۆدسکەوە بۆ ئاموودەریا کرایەوە[٤٢].

شایەنی باسە کاروانەکان ڕووبەڕووی کۆسپ و مەترسیی گەورە دەبوونەوە. لە لایەکەوە، بەرپرسانی خیوە و کۆکەند باجی ترانزێتیان لێ وەردەگرتن، لە لایەکی دیکە، هۆزە کۆچەرییەکان بەردەوام هێرشیان دەکردە سەریان. تەنانەت ئەو سوارانەی، کە زۆرجار لە کازاکەکان یان تورکمانەکان بەکرێ دەگیران، هەندێک جار لە کاتی هێرشەکاندا کاروانەکەیان جێدەهێشت یان دەچوونە پاڵ تالانچییەکان. بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٥٥دا، جەنەڕاڵ پیرۆڤسکی ڕاپۆرتی دا، کە کاروانێکی بوخارا بە ناوی (ئاسان بێک) لە کاتی چوون بەرەو قەڵای پێرۆڤسکی[٤٣] ڕووبەڕووی هێرشی کۆکەندییەکان بووەتەوە. هەرچەندە لەگەڵ پێشڕەوییەکانی سوپای قەیسەر و دروستکردنی قەڵا سەربازییەکان ئاسایشی ڕێگاکان هەتا ڕادەیەک باشتر ببوو، بەڵام درێژیی ڕێگاکان و سەختیی گواستنەوەی وشکانی وەک کێشەیەکی گەورە مایەوە[٤٤].

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بیر لە بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییەکان و کەشتیگەلی دەریایی کرایەوە. کەشتیگەلی ئاراڵ، کە دوای دروستکردنی قەڵای ئارالسکی[٤٥] لە ساڵی 1847 دامەزرا، ڕۆڵێکی دیاریکراوی گێڕا. هەتا کۆتایی ساڵی ١٨٦٢، ئەم کەشتیگەلە لە چوار پاپۆڕی هەڵمی، پێنج کەشتی چارۆکەدار و چەندین بەلەمی گواستنەوە پێکهاتبوو، بەڵام ڕۆڵی ئەم کەشتیگەلە زیاتر سەربازی و ناڕاستەوخۆ بوو. لە ساڵی ١٨٧٠دا، کەشتیگەلی ئاراڵ ١٥٤ هەزار پوود باری حکومی و تەنیا هەشت هەزار پوود باری کەرتی تایبەتی (بازرگانی) گواستەوە، ئەمەش دەریخست کە کەشتیگەلەکە نەیدەتوانی پێداویستییە بازرگانییەکان پڕ بکاتەوە و زۆرجار بارە بازرگانییەکانی دووچاری زیان دەکرد. هەبوونی ئەم کەشتییانە زیاتر وەکوو ئامرازێکی فشاری جیۆپۆلەتیکی بوو بەسەر خاننشینەکاندا وەک ئامرازێکی گواستنەوەی ئابووری بێت[٤٦].

لەم نێوەندەدا، چەندین پرۆژە بۆ پەرەپێدانی کەشتیوانی بازرگانی پێشنیاز کران، گەورە بازرگان (ڤاسیلی گاڤریلۆڤیچ بوتێرکین- Vasily Gavrilovich Butyrkin) لە ساڵی ١٨٦٤دا پێشنیازی کرد، کە ڕێگای دەریای قەزوین و کەنداوی کراسنۆڤۆدسک بەکاربهێنرێت بۆ کورتکردنەوەی ماوەی گەشتە بازرگانییەکان بۆ تەنیا دە ڕۆژ[٤٧]. لە ساڵی ١٨٧٠یشدا، هەر دوو بازرگان (ئیڤان ئەندرێیڤیچ پیروڤشین- Ivan Andreyevich Pervushin) و ئیڤان خلۆدۆڤ پرۆژەی دامەزراندنی (کۆمەڵەی کەشتیوانی و بازرگانیی ئاسیای ناوەڕاست)یان بە سەرمایەی ٢٤٠٠ ڕۆبڵ پێشکەش کرد بۆ ڕێکخستنی گەشتی هەفتانە لە نێوان چیناز و کازالینسک. لە یاداشتی ئەم کۆمەڵەیەدا هۆشداری درابوو لەوەی، ئەگەر پشتبەستن بە ڕێگا کاروانییە وشکانییەکان بەردەوام بێت، ئەوا بازرگانیی لۆکەی ئاسیای ناوەڕاست دادەڕمێت و ناتوانێت ڕکابەریی لۆکەی هیندی بکات، کە لە ڕێگەی کەناڵی سوێسەوە دەهاتە ئەورووپا.

ئەم پرۆژانە دەرخەری ئەوە بوون کە پەرەپێدانی ژێرخانی گواستنەوە بووەتە پێویستییەکی حەتمی بۆ هێشتنەوەی هەژموونی ئابووریی ڕووسیا لە ئاسیای ناوەڕاستدا[٤٨].

**تەوەری چوارەم: ململانێی ڕووسی- بەریتانی لە کۆنتێکستی بازرگانی ڕووسیا و خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا**

لە تەواوی ئەو قۆناغە مێژووییەی کە باسی لێوە کراوە، ئاسیای ناوەڕاست تەنیا وەک بازاڕێکی بەکاربەری لۆکاڵیی تەماشا نەدەکرا، بەڵکو وەک ناوەندێکی یەکجار گرنگی بازرگانیی گواستنەوە (ترانزێت) مایەوە. لە ڕێگەی شارە ستراتیجییەکانی وەک بوخارا، تاشکەند، کۆکەند، و خیوەوە، کاڵا ڕووسییەکان دەیانتوانی بگەنە وڵات و ناوچە هاوسێیەکانی وەک بەڵخ، بەدەخشان، ئەفغانستان، کشمیر، تبت، سینجیانگ، لاداخ، پنجاب و بە قووڵی تا ناوخۆی هیندستان. لە هەمان کاتیشدا، لەم دەوڵەت و ناوچانەوە و لە ڕێگەی ئاسیای ناوەڕاستەوە، کاڵاکانی ڕۆژهەڵات دەگەیشتنە هێڵی ئۆرێنبێرگ و لەوێوە بۆ بازاڕەکانی ڕووسیا. ئەم پێگە ستراتیجییە وایکرد، کە ئاسیای ناوەڕاست ببێتە گۆڕەپانی سەرەکیی ڕکابەریی نێوان هەردوو زلهێزی ئەو سەردەمە: ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و بریتانیا[٤٩].

سەرەتای ئەم ڕکابەرییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٨٤٠کان. وەکوو پاڤێل نیبۆلسین ئاماژەی پێ کردووە، هەر لە ساڵانی ١٨٤١- ١٨٤٢دا بڕێکی زۆر لە جۆرەها قوماش و کاڵای بازرگانی، کە لە کارگەکانی بریتانیادا بەرهەمدەهێنران، توانرا بە ڕێژەیەکی زۆر بهێنرێنە بازاڕەکانی بوخارا. ئەم کاڵایانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمە ڕووسییەکان، بە نرخێکی زۆر هەرزانتر دەفرۆشران. ئەمەش مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ڕووسیا دروستکرد. وەکوو ڕێوشوێنێک بۆ بەرپەرچدانەوەی پەرینەوەی کاڵا بریتانییەکان بۆ ناوچەی هەژموونی ڕووسیا، ڕووسیا ناچار بوو شاندی دیپلۆماسی بنێرێت بۆ خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست، بە ئامانجی بوژاندنەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ خیوە و بوخارا، کۆکردنەوەی زانیاریی دەربارەی ئابووری ناوچەکە و لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر لەسەر بایەخی سیاسی و ئابووریی ڕووباری ئامووەدریا[٥٠].

جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە سپێردرا بە (نیکۆلای پاڤڵەڤیچ ئیگناتییێف- Nikolai Pavlovich Ignatyev) ئەفسەرێکی سەربازیی ڕووس، کە پێشتر لە لەندەن کاری کردبوو و شارەزاییەکی باشی لە چالاکییەکانی بریکارە بریتانییەکان هەبوو. لە ساڵی ١٨٥٨دا، شاندەکەی ئیگناتییێف دوای مانەوەی بۆ ماوەی سێ هەفتە لە خیوە و شکستهێنانی دانوستانەکانی لەوێ، لە ٢٢ی ئەیلوولدا بەرەو خاننشینی بوخارا بەڕێکەوت. لە بوخارا لە لایەن (ئەمیر نەسروڵڵا بەهادور خان)، پێشوازییەکی باشیان لێکرا. لە میانی دانوستانەکاندا، ئیگناتییێف بە مەبەستی لاوازکردنی هەژموونی بریتانیا، هیندستانی وەک نموونە هێنایەوە، کە ببووە کۆڵۆنییەکی بەریتانی و دۆخێکی کارەساتباری هەبوو، و بە توندی هانی حکومەتی خاننشینەکەی دا، کە متمانە بە "فێڵ و بەڵێنە بەتاڵەکانی" بریتانییەکان نەکەن[٥١]. هەروەها چەندین داواکاریی بازرگانیی پێشکەش کرد، لەوانە کەمکردنەوەی باجی گومرگی بۆ نیوە، دامەزراندنی بریکارنامەی کاتیی بازرگانیی ڕووسیا، ئازادکردنی دیلەکان و ڕێگەدان بە جووڵەی ئازادی کەشتییە ڕووسییەکان لە ئامووەدریا. بەڵام زۆربەی ئەم داواکارییانە لەلایەن حکومەتی بوخاراوە جێبەجێ نەکران و بازرگانە ڕووسەکان بەردەوام بوون لە باجدانی قورس[٥٢].

لە کاردانەوەی ئەمەدا، حکومەتی ڕووسیا دەستی کرد بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند دژی بازرگانانی بوخارا و چوونە ناو شارەکانی مۆسکۆ و ڤیستیڤاڵە بازرگانییەکانی وەک کۆرێنایا و نیژنی نۆڤگۆرۆدەی لێ یاساغ کردن. ئەم پرۆسەیە هەرچەندە کاتیی بوو و لە ساڵی ١٨٦٣دا قەدەغەکە هەڵگیرا، بەڵام فشاری پێویستی دروستکرد. دواجار لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٨٦٨دا، ڕێکەوتنێکی بازرگانیی نوێ واژۆ کرا، کە مافی یەکسانی بە هەردوو لایەنی بازرگانان دا و باجی گومرگی لە بوخارا لەسەر ڕووسەکان لە 5% بۆ 2.5% کەمکرایەوە[٥٣].

سەرەڕای ئەم پەرەسەندنانە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە قەبارەی ڕکابەرییەکە، گونجاوە، کە بەراوردێکی ئاماری لە نێوان قەبارەی بازرگانیی هەردوو ئیمپراتۆریەتەکەدا بکرێت. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، هەناردەی بریتانیا بۆ هیندستان چەندین جار لە کۆی هەناردەی ڕووسیا بۆ سنوورەکانی ئاسیا گەورەتر بووە و هەناردەی ڕووسیا، بۆ ئاسیای ناوەڕاست لە چاو ئەمەدا زۆر کەم و ناچیزە دەرکەوتووە. تەنانەت لە کۆتایی ساڵانی ١٨٦٠کان و سەرەتای ١٨٧٠کان، هەرچەندە چالاکییە بازرگانییەکانی ڕووسیا لە گەشەکردندا بوون، بەڵام هێشتا بە بەراورد بە بریتانیا زۆر بچووک بوون. بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٦٧دا، قەبارەی بازرگانیی بریتانیا و هیندستان لە ٤٦٢٩٨ پاوەند ستەرلین تێپەڕی (کە دەکاتە ٢٩١،٦٨٣ ڕۆبڵ)، لە کاتێکدا قەبارەی بازرگانیی ڕووسیا لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست تەنیا ١٨،٧٧٩ ڕۆبڵ بووە، واتە نزیکەی ١٥,٥ جار کەمتر بووە لەوەی بریتانیا[٥٤]، بەڵام خاڵی جێگەی سەرنج لێرەدا خێرایی گەشەسەندنەکەیە. ئەگەر هەمان داتا لە ساڵی ١٨٥٧دا بەراورد بکەین، دەبینین ئەوکاتە قەبارەی بازرگانیی بریتانیا و هیندستان ٤٨ جار لە قەبارەی بازرگانیی نێوان ڕووسیا و ئاسیای ناوەڕاست گەورەتر بووە. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا ، بازرگانیی ڕووسیا لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست زۆر خێراتر لە بازرگانیی هیندستان گەشەی کردووە. بێگومان دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەم گەشە خێرایەی ڕووسیا بۆ ساڵی ١٨٦٧ دەگەڕێتەوە، کە تێیدا ڕووسیا دەستی بەسەر تاشکەندا گرتبوو و بازرگانییەکەی گەیشتبووە لوتکە، هەروەها گۆڕینی دراوی پاوەند بۆ ڕۆبڵ لە کات و شوێنی جیاوازدا، جیاوازی هەبووە، بەڵام هێشتا ئەم داتایانە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕکابەرییە توندەن کە ڕووسیای ناچار کرد بە خێرایی کێبڕکێی هەژموونی بریتانیا بکات و بازاڕەکانی ئاسیای ناوەڕاست مۆنۆپۆل بکات[٥٥].

### ئەنجام

- لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، کە تیشکی خستە سەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ١٨٥٠ بۆ ١٨٧٥، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئەم قۆناغە خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی ناوچەکەدا. توێژینەوەکە هەوڵیداوە، ئەو تێزە بێنێتە بەرباس کە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا بەرانبەر بە بوخارا، کۆکەند و خیوە تەنیا لەسەر بنەمای ئامانجی جیۆپۆلەتیکی و سەربازی دانەڕێژرابوو، بەڵکو بزوێنەری سەرەکی و ڕاستەقینەی ئەم فراوانخوازییە، پێداویستییە ئابووری و پیشەسازییەکانی خودی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا بوو. دەرکەوت کە ڕووداوە جیهانییەکانی وەک جەنگی ناوخۆی ئەمریکا و سەرهەڵدانی قەیرانی لۆکە، ئاسیای ناوەڕاستی لە ناوچەیەکی پەراوێزخراو و ترانزێتەوە گۆڕی بۆ سەرچاوەیەکی ستراتیژی و ژیانی بۆ مانەوە و گەشەکردنی پیشەسازیی ڕستن و چنینی ڕووسیا.
- لەلایەکی ترەوە، توێژینەوەکە دەریخست کە ئەو هاوکێشە بازرگانییەی پێشتر لە ئارادا بوو، بە تەواوی لە قازانجی خاننشینەکان و لە زیانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا بوو. بازرگانە ڕووسەکان لە ناوخۆی ئاسیای ناوەڕاستدا ڕووبەڕووی باجی گومرگیی زۆر، جیاکاریی ئایینی و نەبوونی ئاسایشی. گیانی و ماڵی دەبوونەوە، لە کاتێکدا کاروانەکان بەردەوام ڕووبەڕووی تاڵانی دەبوونەوە. ئەم ئاستەنگانە، شانبەشانی ئەو باڵادەستییەی بازرگانە ناوخۆییەکانی بوخارا و خیوە لە بازاڕەکانی ناوخۆی ڕووسیادا هەیانبوو، سانت پترسبۆرگی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە دیپلۆماسییەتی ئاشتییانە چیتر وەڵامدەرەوەی داواکارییەکانی ئەوان نییە و پێویستی بە گرتنەبەری ڕێکاری دیکەیە. شکستی نێردە دیپلۆماسییەکان بۆ کردنەوەی بازاڕەکان و کەمکردنەوەی باج، پاساوی پێویستی دا بە ڕووسیا بۆ گۆڕینی ستراتیژییەکەی لە دانوستانەوە بۆ دەستێوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ.
- داگیرکردنی شارە ستراتیژییەکانی وەک تاشکەند لە ساڵی ١٨٦٥ و سەپاندنی پەیماننامەی پاشکۆیەتی بەسەر بوخارا لە ساڵی ١٨٦٨ و خیوە لە ساڵی ١٨٧٣، لە کرۆکدا ئۆپەراسیۆنی ئابووری بوون. لە ڕێگەی ئەم پەیماننامانەوە، ڕووسیا توانی کۆتایی بە قۆرخکاریی ناوخۆیی بهێنێت، باجی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

گومرگی کەم بکاتەوە بۆ ئاستێکی بێ وێنە، ئاسایشی ڕێگا کاروانییەکان مسۆگەر بکات و ڕێڕەوی ئامووددەریا بۆ کەشتییە ڕووسییەکان بکاتەوە. ئەمەش نەک تەنیا کێشەی هۆکارەکانی گواستنەوەی هەتا ڕادەیەک چارەسەر کرد، بەڵکو بازاڕی ئاسیای ناوەڕاستی بەتەواوی خستە خزمەتی سەرمایەی ڕووسییەوە.

- توێژینەوەکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە ململانێی ناسراو بە (Great game) لە نێوان ڕووسیا و بریتانیا تەنیا کێبڕکێیەک نەبوو لەسەر فراوانکردنی نەخشەی خاک و ناوچەی نفووز، بەڵکو ململانێیەکی توند بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکانی ساغکردنەوەی کاڵا و سەرچاوەکانی کەرەستەی خاو. ئەگەرچی قەبارەی بازرگانیی ڕووسیا لە ئاسیای ناوەڕاست بە بەراورد بە قەبارەی بازرگانیی بریتانیا لە هیندستان بچووکتر بوو، بەڵام خێرایی گەشەکردنی بازرگانیی ڕووسیا لەم قۆناغەدا دەریخست کە ڕووسیا بە سەرکەوتوویی توانیویەتی ڕێگری لە دزەکردنی هەژموونی ئابووریی بریتانیا بکات بۆ ناوچەکە. بەم ئاوایە، لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا ١٨٥٠-١٨٧٥، ئاسیای ناوەڕاست لە کۆمەڵێک خاننشینی سەربەخۆ و پەراوێزخراوەوە، بە زەبری هێز و پەیماننامە، گۆڕدرا بۆ پاشکۆیەکی ئابووریی دانەبڕاو و ناوچەیەکی قۆرخکراو لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕووسیاوە.

---

١ کۆکەند، لە سەرچاوە مێژووییە فارسی و عەرەبییەکاندا زیاتر بە خوقەند ناودەبرێت.

٢ خاننشینی خیوە کە لە سەرچاوە مێژووییە ڕۆژهەڵاتییەکاندا زۆرجار بە دەوڵەتی (خوارزم - خۆرازمی) ناسراوە، لە ئەدەبیاتی مێژوویی ڕووسی بە ناوی پایتەختەکەیەوە بە خاننشینی خیڤە ناوی هاتووە.

3 Семенов, Алексей Васильевич. Изучение исторических сведений о российской внешней торговле и промышленности с половины XVII-го столетия по 1858 год. Ч. 3. Санкт-Петербург: тип. И.И. Глазунова и К°, 1859. С. 178.

4 Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со сСредней Азией: 40-60-е годы XIX века / Институт истории АН СССР. М.: Академия наук СССР, 1963. С. 48.

٥ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵمەتەکەی شازادە بیکۆڤیچ بڕوانە:
Васильев Дмитрий Валентинович. Страница азиатской политики Петра i: к истории похода Бековича-Черкасского в Хиву, Журнал Известия Самарского научного центра Российской академии наук, 2015. С. 24-28.

٦ ڕووباری ئامووددەریا لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا بە ڕووباری (جەیحوون) ناسراوە، ئەم ڕووبارە لە چیاکانی پامیر (لە تاجیکستان و ئەفغانستان) سەرچاوە دەگرێت و بە سنووری وڵاتانی ئۆزبەکستان و تورکمانستاندا تێپەڕ دەبێت.

7 Семенов, Алексей Васильевич. Изучение исторических сведений. С.١٧٨.

8 Там же. С.1٨٠.

9 Там же. С.185-186.

10 Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией: 1963. С. 48.

١١ جەنەڕاڵ ڤاسیلیی پێرۆڤسکی، فەرماندەی سەربازیی ڕووسی کە لە ساڵی 1839 هەڵمەتێکی سەربازیی بۆ سەر خیوە ئەنجامدا بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا و کۆتاییهێنان بە کۆیلایەتی، بەڵام بەهۆی سەختیی زستانەوە شکستی هێنا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Захарьин, Иван Николаевич. Хива. "Зимний поход в Хиву Перовскаго" в 1839 году, - и "Первое посольство в Хиву" в 1842 году, Санкт-Петербург : П. П. Сойкин, ценз. 1898.

[12] Владимир Николаевич Шкунов. К вопросу о торговых связях Российской империи со Средней Азией в середине XIX века. 2 Вестник гуманитарного научного образования. № 8(10), Август 2011. С.9.

[13] Нафтула Аронович Халфин . Политика России в Средней Азии (1857-1868). — М.: Изд-во восточной литературы, 1960. С. 12-20. Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией. С.5١.

[14] Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией С.5١.

[15] Владимир Николаевич Шкунов. К вопросу о торговых связях Российской империи. С.9-10.

[16] Там же. С.9-10.

[17] Мейер Л. Аральская флотилия в отношении к среднеазиатской торговле / Л. Мейер // Морской сборник.. Т. LX. ,№71862. — С.125.

[18] Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией. С.55.

[19] Зухриддин Хайдаров. XIX АСРНИНГ 60-70 ЙИЛЛАРИДА БУХОРО АМИРЛИГИНИНГ РОССИЯ БИЛАН ОЛИБ БОРГАН САВДО АЛОҚАЛАРИ. Oriental Journal of History, Politics and Law, 3(06) (2023). С. 33.

[20] دراوی بەکارهاتوو لە خاننشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست.

[21] Зухриддин Хайдаров. XIX АСРНИНГ 60-70 ЙИЛЛАРИДА БУХОРО АМИРЛИГИНИНГ РОССИЯ. С.35.

[22] Владимир Николаевич Шкунов. К вопросу о торговых связях Российской империиС.9-10.

[23] Семенов, Алексей Васильевич. Изучение исторических сведений С. 188.

[24] Там же. С. 191.

[25] Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией: С. 61,62. Нафтула Аронович Халфин . Политика России в Средней Азии (1857-1868). С. 12-20. Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией С.94-95.

[26] بۆ زانیار زیاتر دەربارەی ئیڤان ئەلکسێڤیچ خلودۆڤ، پڕوانە:
А.А. Половцов. Русский биографический словарь. Том 21.
https://azbyka.ru/otechnik/Spravochniki/russkij-biograficheskij-slovar-tom-21/413

[27] Кочнев Антон Владимирович. ПОЛИТИКА РОССИИ В ОТНОШЕНИИ ХИВИНСКОГО ХАНСТВА В
НАЧАЛЕ XVIII – ВТОРОЙ ПОЛОВИНЕ XIX в. Екатеринбург ,2018. С. 137. Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией: 40-60-е годы XIX века / Институт истории АН СССР. М.: Академия наук СССР, 1963. С. 63.

[28] Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией. С. 6٤.

[29] Махрова Татьяна Константиновна. аможенные правила Оренбургской пограничной торговли в конце XVIII первой половине XIX века Правопорядок: история, теория, практика. — 2014. — № 2. С. 97.

[30] ناوچە یان هەرێمی ئیداری تورکستانی ڕووسی لە ١٨٦٧ دامەزراوە و ناوەندەکەی تاشکەند بووە و چەند ناوچەیەکی ئاسیای ناوەڕاستی لە خۆی گرتووە و لە ساڵی ١٩١٧ هەڵوەشاوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر پڕوانە:
С. Н. Абашин. Туркестан в имперской политике России: Монография в документах, Издательство «Кучково поле». 2016

31 Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией. С.٧٠.

32 Роман Юльевич Почекаев. Договоры Российской империи с Хивинским ханством и бухарским эмиратом 1873 г.: опыт историко правового анализа ,Уральский исторический вестник.. — № 4 (77). 2022 С. 168–177.

33 Зухриддин Хайдаров. XIX асрнинг иккинчи ярми – XX аср бошларида Бухоро амирлигининг Россия билан олиб борган савдо алоқалари тарихидан Oriental Journal of History, Politics and Law, 5(3/S), (2024). С. 283.

34 Там же. с. 283.

35 Зухриддин Хайдаров. XIX АСРНИНГ 60-70 ЙИЛЛАРИДА БУХОРО АМИРЛИГИНИНГ РОССИЯ. С.36.

36 Каримова Мияссар Жамолдиновна XIX АСР ЎРТАЛАРИДА ҚЎҚОН ХОНЛИГИДА ҲУНАРМАНДЧИЛИК ВА САВДО СОТИҚНИНГ РИВОЖЛАНИШИ: Актуальные проблемы обучения социально-гуманитарных наук в медицинском образовании, Том 1 № 1 (2023). С. 98-103.

37 Кочнев Антон Владимирович. ПОЛИТИКА РОССИИ В ОТНОШЕНИИ ХИВИНСКОГО ХАНСТВА. С. 152.

38 Терентьев М. Хивинские походы русской армии /М. Терентьев ; под ред. В. Смолянинова. М., 2010. С. 159.

39 Гродеков Н. И. Хивинский поход 1873 года. Действия кавказских отрядов. Издание редакции «Русская старина». С. 7–10.

40 Кочнев Антон Владимирович. ПОЛИТИКА РОССИИ В ОТНОШЕНИИ ХИВИНСКОГО ХАНСТВА. С. 154.

41 Материалы по вопросу о торговых путях в Среднюю Азию Санкт-Петербург : тип. И.И. Глазунова, 1869.с. 15.

42 Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией. С.77.

43 دەکەوتە ناوچە دەشتاییەکانی کازاخستان لەسەر کەناری ڕووباری سیردەریا.

44 Материалы по вопросу о торговых путях в Среднюю Азию Санкт-Петербург : тип. И.И. Глазунова, 1869.с. ٤٤

45 دەکەوتە کەناری دەریای ئاراڵ.

46 Владимир Николаевич Шкунов. К вопросу о торговых связях Российской империи. С.9-10. , Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией. С.89.

47 Владимир Николаевич Шкунов. К вопросу о торговых связях Российской империи. С.9-10.

48 Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией. С.91.

49 Владимир Николаевич Шкунов. К вопросу о торговых связях Российской империи .С.9-10.

50 Зухриддин Хайдаров. XIX асрнинг иккинчи ярми – XX аср бошларида Бухоро амирлигининг Россия. с. 281.

51 Игнатьев Н. П. Миссия в Хиву и Бухару в 1858 году флигель-адъютанта полковника Н. Игнатьева. — СПб.: Гос. тип., 1897. С. 211,241.

52 Зухриддин Хайдаров. XIX асрнинг иккинчи ярми – XX аср бошларида Бухоро амирлигининг Россия. с.281.

53 Там же. с.28٢.

54 Рожкова, Мария Константиновна. Экономические связи России со Средней Азией. С.74.

55 Там же С.74.

ليستى سەرچاوەكان:

يەكەم: سەرچاوە ڕەسەن وكتێبەكان (بە زمانی ڕووسی)


1. Гродеков Н. И. Хивинский поход 1873 года. Действия кавказских отрядов. Издание редакции ист. журн. «Русская старина», 1888.

2. Захарьин И. Н. Хива. "Зимний поход в Хиву Перовскаго" в 1839 году, - и "Первое посольство в Хиву" в 1842 году. Санкт-Петербург: П. П. Сойкин, 1898.

3. Игнатьев Н. П. Миссия в Хиву и Бухару в 1858 году флигель-адъютанта полковника Н. Игнатьева. — СПб.: Гос. тип., 1897.

4. Кочнев А. В. ПОЛИТИКА РОССИИ В ОТНОШЕНИИ ХИВИНСКОГО ХАНСТВА В НАЧАЛЕ XVIII – ВТОРОЙ ПОЛОВИНЕ XIX в. Екатеринбург, 2018.

5. Материалы по вопросу о торговых путях в Среднюю Азию. Санкт-Петербург: тип. И. И. Глазунова, 1869.

6. Половцов А. А. Русский биографический словарь. Том 21, 1905.

7. Рожкова М. К. Экономические связи России со Средней Азией: 40-60-е годы XIX века / Институт истории АН СССР. М.: Академия наук СССР, 1963.

8. Семенов А. В. Изучение исторических сведений о российской внешней торговле и промышленности с половины XVII-го столетия по 1858 год. Ч. 3. Санкт-Петербург: тип. И. И. Глазунова и К°, 1859.

9. Терентьев М. Хивинские походы русской армии / под ред. В. Смолянинова. М., 2010.

10. Халфин Н. А. Политика России в Средней Азии (1857-1868). — М.: Изд-во восточной литературы, 1960.

11. Абашин.С. Н. Туркестан в имперской политике России: Монография в документах, Издательство «Кучково поле». 2016




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دووەم: گۆڤار (بە زمانی ڕووسی)

1. Васильев Д. В. Страница азиатской политики Петра I: к истории похода Бековича-Черкасского в Хиву. Журнал Известия Самарского научного центра Российской академии наук, 2015.

2. Махрова Т. К. Таможенные правила Оренбургской приграничной торговли в конце XVIII первой половине XIX века. Правопорядок: история, теория, практика, 2014.

3. Мейер Л. Аральская флотилия в отношении к среднеазиатской торговле. Морской сборник. Т. LX, 1862.

4. Почекаев Р. Ю. Договоры Российской империи с Хивинским ханством и бухарским эмиратом 1873 г.: опыт историко-правового анализа. Уральский исторический вестник, 2022.

5. Шкунов В. Н. К вопросу о торговых связях Российской империи со Средней Азией в середине XIX века. Вестник гуманитарного научного образования, 2011.

گۆڤار (بە زمانی ئۆزبەکی )

1. Зухриддин Хайдаров. XIX АСРНИНГ 60-70 ЙИЛЛАРИДА БУХОРО АМИРЛИГИНИНГ РОССИЯ БИЛАН ОЛИБ БОРГАН САВДО АЛОҚАЛАРИ. Oriental Journal of History, Politics and Law, 2023.

2. Зухриддин Хайдаров. XIX асрнинг иккинчи ярми – XX аср бошларида Бухоро амирлигининг Россия билан олиб борган савдо алоқалари тариخдан. Oriental Journal of History, Politics and Law, 2024.

3. Каримова М. Ж. XIX АСР ЎРТАЛАРИДА ҚЎҚОН ХОНЛИГИДА ҲУНАРМАНДЧИЛИК ВА САВДО СОТИҚНИНГ РИВОЖЛАНИШИ. Актуальные проблемы обучения социально-гуманитарных наук в медицинском образовании, 2023.